کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

ڕێکخراوی سلێمانی

زنجیرە "٧"

# لێدوانێک

# لەسەر نامیلکەی «چەند سەرنجێکی ڕەخنەگرانە»

خستنە سەر نێت:- چالاک
chalakmuhamad@gmail.com

چاپی دووەم

# پێشەکی

لە ١٩٨١/١٢/٤ دا دەزگای لێکۆڵینەوەو زانستی ئاوەندی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان نامیلکەیەکی بە ناوی ( پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان ) دەرکرد هەوڵێکی مارکسیزمانەی داوە بۆ سەلماندنی پێویستی بوونی ئەو پارتییە، بۆ کۆکردنەوەو رێکخستنی چینی کرێکارو رەنجدەرانی کوردستان و سەرکردایەتی کردنی بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانی گەلی کوردستان و ئەو گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕو کردارە شۆڕشگێڕانەیەی لەناو هەناوی ئاخنی کۆمەڵی کوردستاندا خۆیان ئەنوێنن تا بە خێرایی بە ئاکاری راستی گەشە کردنی ئاستی خۆیدا بەرەو پێشەوە بەرێت .

لە ١٩٨٢/٢/٥ یشدا کاک سالار نامیلکەیەکی بەرپەرچ دانەوەی دەرکرد ، کە هەر کۆمەڵە بۆی بڵاوکردەوە . لەژێر ناوی (( چەند سەرنجێکی رەخنەگرانە دەربارەی نامیلکەی پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان )).

ناوبراو لە هەوڵدانێکی سەختدایە بۆ بەرپەرچ دانەوەی راو بۆچوونەکانی نوسەری نامیلکە، تەنانەت لە جوش و خرۆشی ئەو هەوڵدانە بێ پەروایەدا خۆی توشی بارێکی دژوارو ناڵەبار کردوە کە کەس بە خەیاڵی پێ نابات و لە ئاستی نامیلکەکەشی هێناوەتە خوارەوەو نرخی زانستانەشی نەک هەر نزم کردوتەوە، بەڵکو لەدەستیشی داوە .

لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی زانستانەی کۆمەڵگایەك، بنچینەو بنەرەت و سەرەتای زانستی هەیە کە پێویستە هەمیشە پەیرەو بکرێت ، کە هەرەگرنگەکانی بریتییە لە پاراستنی ئەمانەتی گێڕانەوەو دەستنیشان کردنی سەرچاوەکانی هێناوەو گێڕاوەکان . بنەمایەکی تری گرنگی لێکۆڵینەوەی زانستانە ئەوەیە ، ئەو بابەتەی لێدوانی لەسەر ئەکرێت پێویستە وەك خۆی نیشان بدرێت و پەردەی رەشی شێواندن و ئاوەژووکردنەوەی بەسەردا نەدرێت و مەبەستی بۆچوونەکانی بە پێچەوانەوە نەخرێتە روو .

بەلام ئەوی جێگەی داخە کاکی رەخنەگر لەم نوورەدا رێگایەکی ناڵەبارو سەخت و بێ قۆرتی گرتۆتە بەر کە هەر لە یەکەم لاپەڕەوە تاکو کۆتایی بەم کارە نازانستانە هەڵساوە :

١) تا بڕێ کرابێ مەبەست و بۆچونەکانی نوسەری ئاوەژوکردۆتەوە و گەرەکیەتی بە پێچەوانەی خۆیەوە بیان خاتە ڕوو، هەڵێنگی بێ بەروا ئەدات بەبێ هیچ بەڵگەیەکی دیاریکراو ئەرتابستای نوسینەکە بەکەم بایەخ نیشان ئەدات و هاوڕێی نوسەریش بە تێنەگەیشتو بە خوێندەواران بناسێنێت.

٢) لە گێڕانەوەی ڕاست و بۆچونەکانی بابەتی نامیلکەکەدا ئەمانەتی لەدەست داوە و بە ئارەزووی خۆی ووشە و ڕستەی دەرهێناو و مەبەستی ئەسڵی بۆچونەکانی شێواندوە و لە یەکی ترازاندوون کە لە زۆر شوێندا بە پێچەوانەیان بە ناتەواوی بۆچونەکانی نوسەری نیشان داوە.

ئەوەی بۆ هەموولایەك وەك ڕاستیەك ساغ دەبێتەوە ئەو ئەنجامەیە کە کاکی ڕەخنەگر لە ئاستی نەتوانینی بەرپەرچ دانەوەی بۆچونەکانی هاوڕێی نوسەردا لە باتی تەسلیم بون و دەست بەرزکردنەوە و سەلماندنی ڕاستی، خوی توشی ئەو هەڵدێرە کردوە و ئەم ڕێگە نالەبارانەی گرتۆتە بەر. هەڵبەتە ئەگەر ئاوێسراو خاوەن توانا بوایە هەرگیز بەو داوەوە نەدەبوو، بەڵگەیەکی تری ئەم توانایی کاکی ڕەخنەگر لەوەشدا دەردەکەوێت کە بەو هەموو هەوڵ و تەقەلا زۆرەیەوە و بەو هەموو ڕێگە چەوتانەشەوە نەی توانیوە تەنانەت بۆچونەکانی خۆیشی بسەلمێنێت، بەڵکو خۆی خستۆتە گێژاوێکی واسەیرەوە کە جگە لە ووتنەوە و دەورکردنەوەی چەند ووشە و ڕستەیەکی شۆڕشگێڕانە بەولاوە هیچی تری لێ بەچسار ناکرێت بەبێ بەستنەوەی بە واقعی ژیانەوە.

بەلام هەرگیز نەبەری ڕۆژ بە بێژینگ دەگیرێت و نەشە بۆڵسی بەگوڕی میروانیش بە لەپی دەست بەربەست دەکرێت.

لەگەڵ ئەمانەشدا هەرچۆنێك بێت ئەم نامیلکەیە بە سودێکی زۆر گەرایەوە، چونکە بوە مایەی ئاوەلا کردنی دەرگایەك کە لێیەوە بچینە ناو بابەتێکی وا گرنگەوە و ڕاستیەکان بۆ هاوڕێیان و خوێنەران دەربخەین و تیشکی ڕوون کردنەوە ئاراستەی بۆچونەکانی هاوڕێی نوسەر بکەین و ڕوونی ڕاستی ڕەخنەگریش وەك خۆی و بێ ئاردنەوە لەودیوی دروشم و ووشەی شۆڕشگێڕانەی بریقەداردا دەربخەین و کرداره نابەجێ و نادروستەکانیش نیشانی خوێنەران بدەین بە بەڵگەی نامیلکەکەی خۆی کە باشترین بەڵگە و سەرچاوەمانە ...

سەرەتا کاکی ڕەخنەگر دەڵێت بە چەند بابەتێکی نامەرەکیەوە خۆی خەریك کردوە و لاپەرەی بێ ڕەش کردۆتەوە کە ئەو پەیوەندیەی توندو تۆڵەی نیە بە ناوەڕۆکی بابەتە سەرەکیەکەوە جگە لەوەی کە ئەو بابەتە نامەرەکیانە ئەوەندە پێویستی بە لێدوانی ئەو دیوو ئەو دیو نەدەکرد چونکە زۆر ڕوون و ئاشکرا مەبەستەکانیان بە دەستەوە داوە و بابەتیکیش لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی گەورەی ڕەخنەی ئاراستە ئەکرێت کە تێگەیشتنی گران بێت و دووربێت لە ڕاستیەوە و لە گێژاوی تەم و مژدا وون و نادیاربێت. ئەوەی لەم وەڵامدانەوەیەی کاکی ڕەخنەگردا ڕەچاو ئەکرێت تەنیا ڕەخنە گرتنە بە مەبەستی ڕەخنە و بەبێ ڕوون کردنەوەیەکی ئەو

کە ڕاستییەکان لە هەڵەکان جیا بکرێنەوە و کەم و کورییەکان دەست نیشان بکرێـــن .

بۆ نموونە ناونیشانی نامیلکەکە کە ناوی (( پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان )) ە ، ڕەخنەگر وای دەرخستووە کە گوایە ئەوی ئەو ناونیشانەی بەرچاوکەوێت وا دەزانی نامیلکەکـــە (( باسی حیزب و نظریەی حیزب و شێوەکانی خەباتی حیزب و تەرکیبی حیزبە ..... هتــد )) .

بەڵام بەڕای من ئەوی چاوی بەو ناونیشانە بکەوێت هەر یەکەر لەو ڕاستییە دەگات کە ئەو نامیلکەیە لە بابەتێکی نوێ ئەدوێت کە بریتییە لە دیارکردنی پێداویستەکانی بوونی پارتییەکی وا بۆ سەرکردایەتی کردنی بزووتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلی کوردستـــان ، وەلە تاقیکردنەوەیەکی نوێ لە ژیان و ڕەوتی کۆمەڵگـــــای کوردستان ، چونکە لەمەوبەر پارتییەکی وانەبووە تا گفتوگـــۆو ڕا گۆڕینەوە لەسەر نظریە و شێوەکانی خەباتەکەی و تەرکیبەکـــەی بکرێت ، بەڵکو نووسەری نامیلکە دەیەوێت پێویستی بوونی پارتییەکـی وا بسەلمێنێت کە پێویستییەکی مێژوویی گرنگی ئەمڕۆی خەباتـــی گەلی کوردستانە بۆ پێشڕەوایەتی کردنی بزووتنەوە مێژووکردنەکەی گەلەکەمان و بڕینی قۆناغی خەباتی ئێستای و بەدەست هێنـــان و جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی و ، بەرەو پێشەوە بردنی ڕەوەو گەشە پێدانی بەرەوتی بزووتنەوەو کۆمەڵگاکە بەرەو سۆشیالیزم .

ئەوی ئەو بۆچوونەی کاکی ڕەخنەگریش ڕەت دەکاتەوە ئـــەو ڕاستییە کە مەسەلەی پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستـــان بابەتێکی نوێ و نامۆنییە نە بە خوێنەران و هاوڕێ و دۆستانـــی کۆمەڵەو نە بە کاکی ڕەخنەر خۆشی ، چونکە بابەتێکە لە میـــژەوە لە بەردەستدایەو لێکۆڵینەوەو لێدوانی لەسەر دەکرێت و تـــا ئێستاش یەکێکە لە دروشمەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی کۆمەڵەمان

نموونەیەکی تری ڕەخنەی ناسەرەکی بریتییە لە تەعریف کردنـــی پارتی شێوە لینینی ، کاکی ڕەخنەگر دەڵێت نووسەر هاتووە خـــۆی بەستۆتەوە بە چەند تەعریفێکی کورتی ( منیر شفیق ) ە وە جاری یەکەم بابەتە کە تایبەت نییە بە لێدوان و تەعریف کردنی پارتـــی شێوە لینینییەوە .

دووەمیش هەر درێژەدان بە نووسین و لاپەڕە ڕەش کردنەوە ئـــەو کەڵکەی نییە لەچاو بابەتێکی چڕو پڕو تێک ئەنراوی بە پیت دا کە مەبەستەکان بدەن بە دەستەوە کە لەو تەعریفانەی نووسەردا بـــە تیرو تەسەلی دیاری کـــراوە .

سێیەم ـ چەند پرسیارێک دێتە کایەوە ـ ئایا ئەو تەعریفانـــەی بەناو ( منیر شفیق ) ە وە دەست نیشان کراون هەڵەن یا ڕاستــن؟ یان کەم و کوڕی تێدایە یان مەبەستی داوە بە دەستەوەو چـــڕو کاملـــن ؟ .

ئەگەر هەڵەن و پڕ کەم و کوڕین کاکی ڕەخنەگر بۆ ڕاستییەکانـــی دەست نیشان نەکردوەو کەم و کورییەکانی پڕ نەکردۆتەوە تا وەکـو خوێنەران خۆیان گوێ بکردایە بەو ڕاستیانەو لە هەڵەکانـــی هاوڕێی نووسەرو منیر شفیق ڕزگاریان بوایە .

گریمان ڕەخنەگر گوتەنی تەعریفەکان کورتن ، ئایا لە نامیلکەیەکی

وا بچوك و كورتدا ئەو لايەنە سەبارەت بە بابەتە سەرەكيەكە ئەوەندە پتر بە خويەوە دەگريت .

يان هەر مەبەستی رەخنەیە و رەخنەش چون بە خەیالی رەخنەگردا هات لە بواری ئەم نامیلکەیەدا باسبگیریت یا بگوتریت خور لە خورئاواوە هەلدیت خۆ کەسانیك دەبیت سەریان لی تیك بچیت و بروا بکەن .

رەخنەگر لەمانە دەبیتەوە دەلیت (( ئەگینا باقی نوسینەکەی لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتیە و هیچ پەیوەندیەکی بەسەر مەسەلەی حزبەوە نیە )) .

لەباسی بابەتیکی وەك ئەم بابەتەی نوسەردا . وەك تاقی کردنەوەیەکی نوی وەك لیدوان و لیکولینەوەیەکی زانستانەو هەلسەنگاندنی بارەکە بە گشتی، بو سەلماندنی ئەو بوچونانەی نوسەر خوی پەیبیت بارو دوخ و تایبەتیەکانی ئەو گەل و کومەلەو ولاتە دەست نیشان بکات . دەبیت میژوو ئاستی گەشەکردن قوناغی کومەلگاکەو پەرەبونی چینەکان و رادەی گەشەکردنیان و ئەو بارەی گەل و نیشتمانەکەی تیدایە هەر گەل و نیشتمانیك بیت لیدوانیکی زانستیانەی لەسەر بکات . بەتایبەتی ئەو بابەتەی ئەو پارتیەی سەر بە گەلی کوردستان بیت . لە میژە خاوەنی بزوتنەوەیەکی میژووکردی بابەتیە کە لە ئاستی داگیر کردن و دابەش کردنی ولاتەکەی و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتیدا هاتوتە کایەوە وەك پیویستیەکی میژوویی بو رزگار کردنی گەل و نیشتمانەکەی .

نوسەر ریگەیەکی زانستیانەی گرتوە لە شیکردنەوەی کومەلی کوردستان و دیاری کردنی باری سیاسی و کومەلایەتی و ئابوری و فەرهەنگی و .... هتد . هەلچونو داچونی بزوتنەوەو شورشەکانی گەلی کوردستاندا کەلە هەموو لیدوانیکی زانستانە لەسەر بابەتیکی ئاوا دەبیت ئەو شیکردنەوە زانستانەیە ریگەی خوی بگریتە .

ئایا کە ئەم شیکردنەوە زانستانە روی گەلی کوردو کومەلگای کوردستانی گرتەوە ئیتر دەبیت بوتریت باسەکە باسی نەتەوایەتی و نەتەوە پەرستیە و نوسەرو باسەکەی بە نامارکسیستی نەتەوایەتی ئاو بەبیت وەك رەخنەگر گەرەکیەتی ئەوە بسەلمینیت .

ئەی گەلی کوردستان گەلیك نیە لەم گەلانەی سەر زەمین ئەوی کومەلگاکەی کومەلگایەك نیە وەك هەموو کومەلگایەکی تری جیهان، ئایا بەرەوتی گەشەکردنی میژوودا تی نەپەریوەو هەموو قوناغەکانی نەبریوەو نەگەیشتوتە ئەم ئاستەی ئیستای ئایا یاساکانی گەشەکردنی کومەلایەتی وەك هەموو کومەلیکی تر بەسەر کومەلی کوردستانیشدا ناچەسپیت و جی بەجی نابیت. ئایا ئیمە بەدەر بین لە مروڤایەتی ئایا دەبیت ئەم میللەتە چەوساوەو نیشتمان داگیرو دابەش کراوە داوای مافی خوی نەکات و خەباتی بو نەکات ئایا مەسەلەی نەتەوایەتی ناکوك و ناموبیە بە مارکسیزم ؟ ئایا رزگار کردنی نیشتمان لە داگیرکردن و دابەش کردنی مافە زەوت کراوەکانی گەلیك ئەرکیکی سەرەکی قوناغی

ڕزگاریی نیشتمانی دیموکراتی نییە ؟ .
ئایا ئەم زۆر بۆچوونانەی کاکی ڕەخنەگر کە ڕزگارکردنی کوردستان و گەلەکەی بە بەمارکسیزمێتی نەتەوایەتی دەزانێت هەر ئەو ڕاو بۆچوونانەی ڕیفۆرمیستە سەر لێ شێواوەکانی ئێران و عێراق و تورکیا نییە ؟ یا هەمان بۆچوونی بۆرژوازی ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان نییە ؟

کاکی ڕەخنەگر لەیادی کردوە یان هەستی پێ ناکات کە قۆناغی ئێستای بزوتنەوەی گەلی کوردستان قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانییە و بەهەڵە لەوە گەیشتوە یان سەری لێ تێکچوە بە قۆناغێکی تری دەزانێت یان هەست بەو بزوتنەوە کاریگەرە وورووژاوەی کوردستان ناکات کە یەك سەدەیە خۆی سەپاندوە بەسەر ناوچەکە و ڕووداوەکانیدا ...

یان لەوانەیە کە وەك لەچەند شوێنێکی نامیلکەکەیدا ڕەخنەگر دەست نیشانی کردوە و کردویەتی بە پەیڕەوی ڕێبازی خۆی کە نابێت هیچ تێکۆشەرێکی مارکسیست و ڕێکخراوو پارتێکی م . ل ئەم لە نەتەوایەتیەوە بدات لە هیچ قۆناغێکدا کە ئەو مەسەلە نەتەوایەتیە خۆی لە خۆیدا ئەرکێکی سەرەکی و گرنگی قۆناغی ئێستای گەلەکەمانە ..

بۆیە پێویستە کاکی ڕەخنەگر ڕووبەڕوی دەقێکی بۆچوونی لینینی بکەمەوە و بگرە هەر ئامۆژگاری خۆی و ئەو کەسانەی وەك ئەم بیرەکەنەوە بکەم، کە سەرتاپا ڕاو بۆچوونەکانی لینین بخوێننەوە و بە گیانێکی مارکسیزمانەی ڕاستەقینە سەرلەنوێ پیایدا بچنەوە و ڕاو بۆچوونی مارکس و ئەنگلز و لینین فێربن لەسەر شۆڕشی بۆرژوازی دیموکراتی و ڕۆڵی چینی کرێکارو ڕێکخراوە سیاسیەکەی لەو شۆڕشانەدا ..

( مارکسیزم پرۆلیتاریا وا فێرناکات کە دورکەوێتەوە لە شۆڕشی برجوازی و بێ موبالات بێ لێی و سەرکردایەتیەکەی بۆ بورژوا بەجێ بهێڵێت بەلکو بە پێچەوانەوە فێری دەکات کە بە شێوەیەکی زۆر بەهێزو چالاکانە بەشداری تێدا بکات و خەباتێکی توندو تیژ بکات بە ئامانجی دیموکراسیەتی پرۆلیتارانەی ڕێك و پێك بە ئامانجی پەرە پێدان بە شۆڕش و گەیشتنی بەدوا ئامانجی)
لینین - هەڵبژاردەکان - هەردووتاکتیکی سۆشیال دیموکرات .

کاکی ڕەخنەگر بابەتێکی ناسەرەکی تری نامیلکەکەی گرتوە و هەر بە مەبەستی ڕەخنەگرتن چەند لاپەڕەیەکی ڕەش کردۆتەوە بێ ئەوەی ڕاستی پێکا بێت، کەلەوە دەچێت هەر بەهەڵە لە بابەتەکە گەیشتبێت یان گەرەکیەتی بەهەر شێوەیەك بێت خەریکی ئاوەژوو کردنەوەی ڕاو مەبەست و بۆچوونەکانی نامیلکەکە بێت لای خوێنەران .

ڕەخنەگر دەست نیشانی لاپەڕە ( ٦ ) ی نامیلکەکە دەکات کە دەڵێت (( سەرجەم مەسەلە دیموکراتیەکانیش بە مەسەلەی نەتەوایەتیشەوە بەسترابوەوە بە شۆڕشی سۆشیالیزمەوە )) لەسەر ئەم بۆچوونەی نوسەر کە واقعی ئەوسای ڕوسیا بوو کاکی ڕەخنەگر بە توندی ڕەخنە دەگرێت کە گوایە نوسەر ( خالی بەکانگیری

سەرجەم بۆچوونەکانی تێکەڵاو کردنی دوو قۆناغی جیاوازە لە یەکتر کە ئەویش قۆناغی دیموکراتی بورژوازی و شۆڕشی سۆشیالیزمە ] رەخنەگر ئەیەوێت وا نوسەرنیشانی خوێنەران بدات کە گشت ئەم توانایە و توانای جیاکردنەوەی دوو قۆناغی جیاوازی نیە [ هەر وەک خوی لەو گێژاوەیدا ئەژی ] بەلام جاری با بچین سەیری ئەسڵی ئەقەکەی نوسەر خۆی بکەین [ سەرجەم مەسەلە دیموکراتیە کانیش بەمەسەلەی نەتەوایەتیشەوە بەستراوەوە بە سەرکەوتنی شۆڕشی سۆشیالیزمەوە بە ئەنجامی یەکێتی و هاوبەشی چینی کرێکار لە روسیادا ] ..

واتە نوسەر باسی بارێک ئەکات و لە واقعێک ئەدوێت کە پەیوەندی بە روسیای ئەوساوە بوە نەک وەک دیاردەیەکی گشتی ئەمە بۆچوونی بێت لە هەموو وولات و لە هەموو بارێکدا . ئەوەی لێرەشدا بۆمان دەردەکەوێت کە هاوڕێی نوسەری ناچێلکە ئاگادارییەکی باشی مێژووی ئەوسای روسیایە بە پێچەوانەی رەخنەگرەوە .

هەر بۆیە داوا لە رەخنەگر ئەکەم کە ووتارە بەناوبانگەکەی لینین بە ووردی بخوێنێتەوە لە ژێر ناونیشانی [ هەردوو تاکتیکی سۆشیال دیموکراتەکان .... ] .

کە تایبەتە بە بارو دۆخەکەی ئەوسای روسیا کە لە سەردەمێکدا ئەو ووتارەی نوسیوەو ئەو بۆچوونەی دەربڕیوە کە شۆڕشی ١٩٠٥ لە بەرنەم و لە شارادا بوە ، هەروەها مێژووی ئەهاتی گەلانی روسیا پێش شۆڕشەکانی شوبات و ئوکتۆبەر و دوای سەرکەوتنیان ئەمجا بۆی دەردەکەوێت کە چۆن سەرجەم ئەرکە دیموکراتیەکان بەمەسەلەی نەتەوایەتیشەوە بەستراوەوە بە شۆڕشی سوشیالیزم لە روسیادا .

ئەوی ڕون و ئاشکرایە وەک راستیەکی مێژوویی کە مەسەلـــــە نەتەوایەتیەکانی روسیا بەبێ چارەسەرکردن مایەوە وەک زۆربەی ئەرکە دیموکراتیەکانی تر سەرکەوتنی شۆڕشی ئوکتۆبەری سۆشیالیزم . جگە لەمانەش کاکی رەخنەگر ناماژە بەوەی کە بەکێ لەهەرە داهێنانە لێ هاتووەکانی لینین ئەوەیە کە شۆڕشی دیموکراتی بەستەوە بە شۆڕشی سوشیالیزمەوە لە رێگای بەرگرایەتی کردنی شۆڕشی دیموکراتی لەلایەن چینی کرێکارو رێکخراوە سیاسیەکەیەوە، لە وولاتەکەی خۆیدا و بە تایبەتی لەو وولاتە دواکەوتوانەی کە تازە پێیان ناوەتە قۆناغی سەرمایەدارییەوە هێشتا بە زەقی روخساری قۆناغی پێش سەرمایەداری بە روخساری ئەو کۆمەڵگایانەوە دیارو ئاشکرابوو .

ئەم ئەقەی لینینیش پێویستە بۆ بەرپەرچ دانەوەی کاکی رەخنە گر تا بەرزی لە بۆچوونەکانی لینین ئاشنا بێت [ لەبابەتەکانی پێشوماندا باسی ئەوەمان کرد لە داواکاری پڕگاڵ کردنی کۆنۆنیەکان بە خێرایی، و بەکەمتر کارێکە جێ بە جێ کردنی مەسەلە وتە جێ بە جێ ئابێت بەبێ بەرپا کردنی زنجیرەیەک شـۆڕشی و ئەمێنێتەوە تا سۆشیالیزم لەسایەی سەرمایەداریدا . هەروەها ئازادی نەتەوەکان لە پڕبنارە ابیو چارە نوسیاندا لە هەلی ازدنـــــی ئەمرمانیەران لەلایەن گەلەوە و هێنانە گۆڕەی کۆماری دیموکراتیــە .... هتد ]

چەند سەرنجێکی رەخنەگرانە ــ لاپەرە ٢٢١ .

واتە سەرجەم مەسەلە دیموکراتیەکانیش بە مەسەلەی نەتەوایەتیشەوە، بەستراوەوە بە سەرکەوتنی شۆڕشی سۆشیالیزمەوە لە ئەنجامی جێ بەجێ نەکردنی ئەرکە دیموکراتیەکان پاش سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراتی بورژوا.

ئایا لینینیش خالی یەکانگیری سەرجەم بۆچونەکانی تێکەلاو کردنی دوو قۆناغی جیاواز لە یەکتر و نەیتوانیوە ئەو دوو قۆناغە بنیا بکاتەوە ؟ لەو سەردەمەی روسیادا ..

ئایا کاتێک بورژوا نەتوانێت ئەرکە دیموکراسیەکان جێبەجێ بکات و ولاتیش لە کلپەو بلێسەی شۆڕشی سۆشیالیزمدا بێت ئەو ئەرکە جێ ماوە ناکەوێتە سەرشانی سۆشیالیزم و پێوە نابەستریتەوە ؟ .

لە کاتێکدا هەردوو شۆڕشی بۆرژوای ١٩٠٥ و شوباتی ١٩١٧ نەیانتوانی ئەرکە دیموکراسیەکانی کۆمەلگای روسیا جێ بە جێ بکات بە مەسەلەی نەتەوایەتیشەوە بە تەواوەتی و بێ کەم و کوری وەک کێشەی جوتیاران و کشتوکاڵ، کیشەی نەتەوایەتی، گشت ئەرکەکانی تر، ئەم کێشانە سەرجەم مانەوە بۆ شۆڕشی ئوکتۆبەری سۆشیالیزم کە چارەسەری بکات. لینین دەستی لەوە شتبور کە بتوانن ئەو ئەرک و کێشانە چارەسەر نەکەن. هەر بۆیە ئەو ئەرکانە بەستراوەوە بە شۆڕشی سۆشیالیزمەوە، نەک بۆچونەکانی لینین و نوسەری نامیلکەکە تێکەلاو کردنی دوو قوناغی جیاوازە لە یەکتر .

لە پەرەگرافێکی نوێدا رەخنەگر بەم رستەیە دێتە ناو یەکێک لە بانەکانەوە – (( لە لایەکی ترەوە نامیلکەکە بۆ ئەوەی رەوایی مافی چارەنوسی گەلی کوردستان بسەلمێنێ نێت و سێ جۆر ولات و سێ رادەی گەشەکردنی نەتەوایەتی جیاجیا دێنێتەوە ... ))

واتە بەلای کاکی رەخنەگرەوە هێشتا مافی بریاردانی چارەنووسی گەلی کوردستان نەسەلمێنراوە و نوسەر لەناچاریا گەراوە تا سێ جۆر ولات و سێ رادەی گەشەکردنی نەتەوایەتی بەنموونە دۆزیوەتەوە بەلکو کەسانی وەک کاکی رەخنەگر قەناعەتی پێ بکەن کە ئەو مافە بسەلمێنێت .

رەخنەگر بەو رستەیەی سەرەوەی خۆیدا دەری ئەخات بۆ خوێنەران و گەلەکەی، کە باوەری بە گەلی کوردستان نیەو باوەریشی نە بە بزوتنەوەکەی و کیشە بابەتیەکانی هەیە و، نە باوەریشی بەوە هەیە کە ئەو گەلە شایستەی مافی بریاردانی چارەنوسی بێت وەک لە لاپەرە ٢٤ دا دانی پیاناوە بەلام بەخۆرایی و بۆ مەبەستی خۆی .

لەکاتێکدا کە سەخترین و لاەرترین ریفۆرمیست لە دونیادا کە ریفۆرمیستەکانی عیراق بون پێش (٢٥) سالێک لەمەوبەر بەرانبەر فروژم و تەوژمی ئەو بزوتنەوە بابەتیەدا بە نەمیش بێت سەلما – ندیان .. لەکاتێکدا کە پۆخل ترین فاشیەتی ئەم سەردەمە کە فاشستەکانی رژێمی بەعدان چ بە نەمیش بێت و هەر لە ئەنجامی کاریگەریتی بزوتنەوەی گەلەکەمان ئەو مافەیان سەلماند کەچی زۆر بەدانەوە تازە یەکێکی وەک رەخنەگر راست ئەبێتەوەو ئیعیەوێ

ئەو مافە سەرەتاییە بە گەلەکەی رەوا نەبینێت بە بەرچی راستی نەواری سەختی واقع و ژیان نەداتەوە، کە بێگومان هەر خۆی و کەمانی وەك ئەو زیاندار ئەبن لەو رووبەرووبونەوەدا .

هەر بۆیە یەکێك لە بنچینەدا ئەمەندە بڕوای ئەو بێت و لەگێژاوێکی واوادا تەراتێن بکات کە بڕوای بە گەلەکەی و بزووتنەوەکەی و مافی چارەنوسەکەی نەبێت، ئەبی پێشەکی ئەوە بزانیت کە بۆچون و راکانی سەرەرای هەولدان بەشێوانی نی راستیەکان کە هاوڕێی نووسەر دەست نیشانی کردوە راوبۆچونەکانی فرێ بەسەر راستی و مارکسیزمەوە نیە و هیچ نەزگایەکی تایبەتیش بۆ گەلەکەی ناسەلمێنێت چ جای پارت و رێکخراو و سەندیکاو پارتی چینی کرێکاری کوردستانیش تەنانەت باوەری بە رزگارکردنی ئەو گەلەش نیە کە لەم بارە تالّ و پڕ ئازارەدا ئەژی هەروەك دوایی بە ئاشکرا دەرئەکەوێت ..

(( ئایا نەبێت لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا ئومەمیەت ئەو پێویستیە نەسەلمێنێت و دان نەنێت بەمافی چارەنوسی نەتەوەکانا لە رۆژهەلاتی ئەورووپاو ئاسیادا بەمافی جیابوونەوەشەوە ؟ کردە وەیەکی وا گەورەترین گەوجیە کە ئەمە لەرووی تیوریەوە ئەوە ئەگەیەنێت کە ئەوە بسەلمێت کۆتایی بە گۆرانکاریە بۆرجوازی و دیموکراتیەکان هاتبێت لەتورکیاو روسیا و چیندا کە ئەمە هەلوێستێکی انتهازیانەیە )) لینین - بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی گەلانی رۆژهەلات - لاپەرە ۱۲۳ .

هەر بۆیە ئەو ئەرکەی دەکەوێتە سەرشانی پارتە پرۆلیتاریە سەربەخۆکان لەبواری سیاسەتی نەتەوایەتیدا دوو لایەنە بێت - یەکەمیان دان نان بەمافی چارەنوسی بۆ هەموو نەتەوەکان چونکە گۆرانکاری بورجوازی دیموکراتیەکان کۆتایی نەهاتوەو دیموکراسیەتی پرۆلیتاریانە بەرگری لەیەکسانی نەتەوەکان ئەکات لە مافەکانیاندا لەبەرگریەتی راست و بەردەوام و جیدیە لەبەرگری لیبرالی و کوکرشکینەکان ناچیت . لینین - هەمان سەرچاوەی پێشو ل ۱۲٤ .

کاکی رەخنەگر رستەکەی بەم شیوەیە تەواو ئەکات - (( ... بە مەبەستی ئەوەی کوردستان بە یەکێ لەو نموونانە بچوێنێ و بیخاتە ناو بەزمی ئابوری و سیاسیەکی لەو وولاتانەوە کە خۆی گەرەکیەتی ئەوەك ئەوەی لە واقعدا هەیە یان چیە و چۆنە )) .

لە راستی دا ئەوەی ئاشلکەکەی نوسەری نەخوێندبێتەوە ئەوانەیە هەندێك جار تووشی گێژاوی سەرلێ تێك چوون بێت بەلەبەر ئاوەژوو کردنەوەو هەلگێرانەوەکانی رەخنەگردا ئەوەی هەر شێچ راگێشەرەو سەرسورهێنەرە ئەوەیە تا چ رادەیەك رەخنەگر ووریە لەسەر ئەم کردارە ناشایستە، بە شێواندنی بۆچونەکانی هاوڕێی نووسەر نیشاندانیان بەخوێنەران بەپێچەوانەی واقیع و راستیەوە کە هەر لەسەرەتای نووسینەکەیەوە کردەوەیەی بەیەی و کردوەو بەری ناوە .لەکاتیکدا هاوڕێی نووسەر خۆی پێشەکی تایبەتی نوسیوە بێش هینانەوەی ئەو نموونانە بۆ دەست نیشان کردنی مەبەستەکانی هێنانەوەی ئەو نموونانە هەربۆیە پێویستی نەزانین دەقی ئەو پێشەکیە بخەینە بەردەم خوێنەران

(( لینین هەمیشە مەسەلەی نەتەوایەتی ئەئەخستە ژێر یەکێتی ڕێکخراوەیی چینی کرێکارەوە چونکە مەسەلە نەتەوایەتیەکانیش هەر یەکە باری تایبەتی خۆی هەبوو هەر مەسەلەیە شێوەیەکی تایبەتی و هەڵوێستێکی تایبەتی دیاریکراوی ئەبێت،نەئەکرا هەموو ئەو مەسەلە جۆراوجۆرانە وەك یەك سەیر بکرێت . بۆیە هەندێك جار جیابونەوەی ئەو نەتەوانەو چینی کرێکاری ئەو نەتەوانەو ڕێکخراوە شۆڕشگێرەکانیشیانی بە کەرت و پەرت کردنی چینی کرێکاری نەئەزانی،بە پێچەوانەوە بە هۆیەکی یەکێتی بە هێزکردنی خەباتی هاوبەشی کرێکارانی لەقەڵەم ئەدا ))

واتە نوسەر ئەم مەبەستانە ئەو نمونانەی هێناوەتەوە -

١ - لینین مەسەلەی نەتەوایەتی ئەئەخستە ژێر یەکێتی ڕێکخراوەیی چینی کرێکارەوە .

٢ - مەسەلە نەتەوایەتیەکان هەر یەکە باری تایبەتی خۆی هەبەو دەبێت شێوەی تایبەتی و هەڵوێستی دیاری کراوی جیاوازی لەسەر هەبێت .

٣ - هەر مەسەلەیەکیش لەو مەسەلانە چارەسەرکردنی تایبەتی دەوێت بەپێی بارودۆخە تایبەتیەکەی .

٤ - جیابونەوەی نەتەوەکان و چینی کرێکارو ڕێکخراوە سیاسیەکانیش مانای کەرت و پەرت کردنی چینی کرێکار نیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێتە مایەی بەهێزبونی یەکێتی پتەوبونی هاوخەباتیان .

ئەمەیە مەبەستی ڕاست و دروستی نامیلکەکە لە هێنانەوەی ئەو نمونانە نەك وەك ڕەخنەگر دەیەوێت بەخوت و خۆڕایی نوسەر تاوانبار بکات کە دەیەوێت کوردستان بچوێنێت بەو نمونانە .

ئەوی یەك تۆز لە مارکسیزم شارەزایی هەبێت،نایەت گەلێك و وولاتێك بەگەل و وولاتێکی تر بچوێنێ . چەند ڕادەی لەیەکچونیان لەیەکەوە نزیك بێت و چی بەسەر ئەودا جێ بەجێ کراوە بەسەر ئەمیشدا بیسەپێنێ و جێبەجێی بکات ، چونکە هەرچەند ڕادەی لە یەکچوون نزیك بێت بەلام هەرگیز کۆمەڵیك جیاوازی لەیەك نەچوون، هەر لە نێوانیاندا هەیە کە فەرامۆش کردنی و ڕەچاونەکردنی کارێکی هەڵەو ناراست و نادروستە ، کە ئەمە هەمیشە ڕاوبۆچونی دۆگماتیست و ریفیژنیستەکانە .

بۆچونی ڕاست و دروست و زانستانە بریتیە لە شی کردنەوەو توێژینەوەی باری سیاسی و ئابوری و مێژوویی ئەو گەلەو وولاتە وە ڕادەی گەشەکردن و ڕیزبوونی چینایەتی و گرنگی و بایەخی بزوتنەوە شۆڕشگێرانەکەی و وەکاریگەرێتی لەسەر گشت ناوچەکەو سەرجەم بزوتنەوەی گەشەکردوی سوشیالیزم لە جیهاندا هەروەك لینین فێرمان دەکات . ئەو کەسەی بیەوێت لێ دوان و توێژینەوە لەسەر هەر کێشەیەکی کۆمەلایەتی بکات مارکسیزم دەیسەپێنێت بەسەریدا کە دەبێت ئەو کێشەیە لە بازنەیەکی مێژوویی دیاری کراودا دابنێت ، هەروەك دەیکات بەمەرج بەسەریدا کە ئەگەر ئەو بابەتە سەبارەت بە تاکە وولاتێك بوو وەك بەرنامەی نەتەوایەتی بۆ ئەم وولاتە کە دەبێت تایبەتیە بەلگەدارەکانی کە جیای دەکاتەوە لە وولاتێکی

تر رەچاوبکات لە سنووری یەك مەودای مێژوویی دیاری کراودا))،
لینین – چەند سەرنجێکی رەخنەگرانە دەربارەی کێشەی نەتەوایەتی ل ١٨ .

ئەو جۆرە بۆچوونانەی کە دەیەوێت کت و مت ئەوەی لە وولاتێکدا جێ بەجێ کراوە پێش سەد ساڵ لەمەوبەر دێت و هەمان دەق و قاڵب لە کوردستان یان لە وولاتێکی تردا جێ بەجێی بکات بەبێ گوێدانە بارە تایبەتیەکەی و گەشەکردنی باری کۆمەڵایەتی، ئەوە بۆچوونی کەسانی دۆگماتیست و ریڤیزیۆنیست و سەر لێ تێکچووانە، کە دەیانەوێت خۆیان بە قاڵبی وشك و بێرەنگی بێ گیانەوە ببەستنەوە و هەر چاوەڕوانی شتی ئامادەکراوی گەلان و وولاتانی تر بن بێ ئەوەی خۆیان ماندوو بکەن بە داهێنانی ڕێگایەکی نوێی گونجاو لەگەڵ بارو دۆخ و هەل و مەرجە تایبەتیەکانی گەلەکەی خۆیاندا – بۆچوونی ڕاست کەڵك وەرگرتنە لە تاقی کردنەوە زۆرو زەبەندەکانی گەلانی جیهان لەسەر ڕۆشنایی سەرەتا گشتیەکانی مارکسیزم نەوەك دەق گرتن بە قاڵبێکی تایبەتی بەسەرچووەوە ..

نووسەر گەرەکی نیە کوردستان بە پۆڵۆنیا وەڕوسیا وە بەلگانو وولاتە یەکگرتووەکان و وولاتانی پێشکەوتوی ئەمەریکا بچوێنێ بۆیە ڕاکەی ڕەخنەگر هەموو لە بن چینەدا پوچەڵ دەبێتەوە کە نووسەر بەسەرنەکەوتوو دانەنێت لەو بۆچوونانەدا بەڵکو ڕەخنەگر هەر خۆی نەك تەنیا سەرکەوتوش نیە، بەڵکو یان مەبەستەکەی نامیلکەکە تێ نەگەیشتوە (کە تێ گەیشتنی زۆر ئاسانە) یان هەر بە ئارەزوو نەیەوێت وەك لەنەرەتاوە دەرنەکەوێت کە بابەتی نامیلکەکە سەرجەم بشێوێنێ .

لێرەدا شتێکی گرنگترمان بۆ دەردەکەوێت ئەویش ئەوەیە کە نووسەر هەمیشە ئەوە پەیڕەو دەکات کە هەرگیز لاسایی کوێرانەی هیچ کەس و ڕێکخراو و وولاتێك نەکاتەوە، وە دەیەوێت شۆڕشگێرە نیشتمانیەکان فێری ئەوە بکات بەوپەڕی توانەوە بچنە قوڵایی تیۆری مەزنی (م . ل) بەوپەڕی داهێنان و لێهاتوویی بیبەنەوە بگونجێنن لەگەڵ بارودۆخە تایبەتیەکەی لای خۆیاندا ژیرانە و زانستانە بەڵام لەهەمان کاتدا ئەوەشمان بۆ دەردەکەوێت کە ڕەخنەگر بەوپەڕی توانەوە ئەو ڕێبازە ڕاست و دروست و زانستیە تێك نەکات و دەیەوێت هەردەم خۆی ببەستێتەوە بە قاڵبی وشك و بێرەنگ و دەقی کتێبو نامیلکەوە، وەکت ومت بیسەپێنێ بەسەرماندا.

ناونەبردنی کوردستان لەو نموونانەو لە هیچ نموونەیەکی تیۆری داهێنەرانی مارکسیزمدا هەروەك چۆن ناوی زۆربەی گەلان و وولاتانی نەبراوە لەو ئەدەبیاتانەی ئەواندا ئەو ناونەبردنە ئەوە ناگەیەنێت ئیتر گەلی کوردستان دەستەوەستان و دەستەئەژنۆ دانیشێت و بەناچاری لاسایی ئەم و ئەو بکاتەوەو کوێرە ڕێگای داخراو بگرێت و خۆی بدات بەدەست قەدەرو وەبێئومێدی و گێژاوی زەمانەوە بۆ کوێ بیان بەرێت . ئەمە وەستانی بیرو مێشك و ڕێگە گرتنە لە داهێنان و دەرگاداخستنە لە خەبات و بەکارهێنانی بیرو گرێدانەوەی بیرو کار ..

لینین لە وتارە گرنگەکەیدا بۆ ڕێکخراوە کۆمۆنیستەکانی ڕۆژهەلات،ئاوا ئامۆژگاری گشت مارکسیزمەکانی ئەو وولاتانە ئەکات - (( لەم بوارەدا ئەرکێك ڕووبەڕووتان ئەبێتەوە کە لەمەوبەر ڕووبەڕووی کۆمۆنیستەکانی جیهان نەبۆتەوە - پێویستە لەهەردوو لایەنی تیۆری و کرداردا پشت ببەستن بەسەرەتا گشتیەکانی کۆمۆنیزم وە بارودوخە تایبەتیەکەی خۆشتان بەوردی ڕەچاوبکەن کە لەوولاتانی ئەورووپادا ئەو بارودۆخە نیە بۆ ئەوەی بتوانن ئەو سەرەتا گشتیانە لە هەردوو ڕووی تیۆری و کردارەوە جێ بەجێ بکەن )) لینین - بزوتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی گەلانی ڕۆژهەلات - ل ٣٦٤ .

لەسەر ڕۆشنایی ئەو ڕوون کردنەوەیە وە ئەو ڕاستیانەی سەرەوە بەپێویستی ئازانم کە لەسەر مەسەلەیەك بدوێم کەهەر خۆی لە بنچینەدا لەئارادا نەبێت و بێ چواندن نە ئەنگی هەبێت و نە ڕەنگ تەنیا چەند خالێك نەبێت کە پێویستە تیشکی بخرێتە سەر -

١ - ئەوی شی کردنەوەو لێکدانەوەی نمونەکانی هەردوولا بخوێنێتەوە بەئاسانی هەست بەوە ئەکات کە لێکدانەوەکەی نووسەر چروپڕو کورت و زووتر مەبەست بەدەستەوە ئەدات لەچاو ئەو هەموو خۆماندوکردنەی کاکی ڕەخنەگردا بێ بەوە کەلە زۆر شوێنی دا ئەم بیروبۆچونی ناڕاست بەسیمای لێکدانەوەکەیدا ئاشکرایە .

٢ - ڕەخنەگر دیسان خۆی ماندوو کردوەو مامۆستایەتی پەیڕەو کردوە لەزۆر شوێنی نامیلکەکەیدا بەتایبەتی لەگۆڕینی وشەی نیمچە کولونی بەداگیرکراو لەلایەن هاوڕێی نوسەرەوە کە تەنیا مەبەستی ڕەخنەگر لێرەشدا هەر ئەوەیە کە وای ئەرخات کە نوسەر ئەیەوێت گوایە وولاتانی نیمچە کولونی و کوردستان بەیەك بچوێنێ . بۆیە لەوەلام دانەوەی ڕەخنەگردا تەنیا ئەم دوو دێڕەی لینین بە باشترین وەلام ئەزانم بۆی (( بۆیە پێویستە زۆر ڕوون و ئاشکرا بێت کە هەر هەوالێك بۆ دۆزینەوەی هەر جیاوازیەك لەنێوان نەتەوە زۆرلێکراوەکان و کۆلۆنیەکان لە ڕووسیادا هەولدانێکی زۆر گێلانەیە )) هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٨٧ .

٣ - ئەوەی جێگای سەر نج ڕاکێشانێکی سەیرە ئەم بۆچونەی کاکی ڕەخنەگر لە لاپەرە (٥) ی نامیلکەکەیدا ئەلێت ( مەبەستی لینین لەم باسەدا ئەوەیە کە مافی چارەنووس لەم جۆرە وولاتانەی کە ئەو دەولەتانەی چ لەناوخۆیان و چ لە دەرەوەی خۆیان میللەتان ئەچەوسێنێتەوە مافێکی ڕەوایەو ئەبێ بسەلمێنرێ نەك نوسەر بۆ مەبەستی دابڕینی خەباتی گەلی کوردستان لەخەباتی گەلانی تر هەول بدات ئەم نمونانە بەکار بهێنێ )) .

واتە بەڕای ڕەخنەگر ئەو مافەی کە یەکێکە لەبڕیارە گرنگەکانی ئومەمیەتی یەکەم کە لە سالی ١٨٩٦ دا لەو کونفرانسەی لەندەندا بڕیاری لەسەر دراوە وەك وەسیقەو بەلگەیەکی مارکسیزمانەو ئەو هەموو خەبات و هەولدانەی لینین و ئەو

هەموو بیرو باوەڕو بۆچونانەی سەبارەت بەم مافە گرنگە (( مافی بڕیاردانی چارەنوس )) وە ئەو هەموو بەرپەرچدانەوەی سۆشیال شۆفێنیست وە سوشیال ئیمپریالیست و بوندو مەنشەفیك و تروتسكی و سەرلێ تێكچوانی پۆلۆنیا وەك رۆزا لوكسومبورگ ، تەنها هەر بۆ سەلماندن بوە نەك بۆ ڕێگە نیشاندانی تێكۆشەران و گەلانی زۆرلێكراو بۆ خەبات كردن لە ڕێی سەرفرازی و وەدیهێنانی ئەو مافەدا . ئەی ئەگەر گەلێك خۆی خەبات نەكات بۆ وەدەست هێنانی ئەو مافە كێ و چۆن وەدەست دێت ؟

كاكی ڕەخنەگر بەناوی لینینەوە پێمان دەڵێت ئەو هەموو خەرمانە بیرو باوەڕو بۆچونانە هەمووی هەر بیۆ سەلماندنە نەك بۆ خەبات كردن لەڕێی دا ! ئەی گەلانی جیهان ئێوە دەنگ مەكەن و بۆ خوتان بەئارامی و بێ زیان دانیشن تا خۆم هەموتان رزگار ئەكەم .

لێرەدا پرسیارێكی تر دێتە كایەوە و خۆی دەسەپێنێت ئایا كە تیۆری ( م . ل ) و ووتەو بۆچون و یاساكانی و بیرورِاكانی ( م . ل ) بۆتە پیشەنگای كتێب و قسەو تەنیا بۆ سەیركردن و لێ ووردبوونەوەو ووتنەوە بووە . ئەمەیە بەروون و ئاشكرایی و بێ خوشاردنەوە لەژێر دەق و ڕستەی ماركسیزمەكاندا ئەو بۆچونانەی كە هەمان بۆچونی ئەو كەسانەن كە پێیان دەوترێت دەق گەری و ئامیلكە گەری ( النصیە و الكتبە ) .

هەر ئەو لینینە مەزنەی كە ڕەخنەگر بەناوی یەوە ئەو بۆچونەی دەست نیشان كردوە لەوەلامدانەوەی ب . كیفسكی دا خۆی بیبەری ئەكات لەو تاوانەو دەڵێت (( بیركردنەوەی ب . كیفسكی نەگەیشتو تە ئەو رادەیەی كە كۆمەڵگەی سوشیالیزم پیەویێت دەرچێت لە كۆلۆنیەكان تەنیا بەو مانایەیە كە مافی جیابونەوەی ئەداتێ نەك بەو مانایەی كە ئامۆژگاری ئەكات بۆ جیابونەوە )) لینین هەمان سەرچاوەی پێشوو ل ٢٨٢ .

هەر لەهەمان ووتاردا ئەڵێت (( ئەگەر داراشمان لەحكومەتە ـ كەمان كردبێت دەرچن لە كوللونیەكان واتە ئەگەر بانگەواز و پرۆپاگەندەمان كردبێت و زاراوەی سیاسی و وردو روونمان بەكارهێنابێت و داوای ئەوەمان كردبێت ئازادی تەواوەتی جیابونەوە ببەخشرێت بە كۆلۆنیەكان مەبەستمان ئەوە بووە بەكردەوە مافی چارەنووسیان پێ ببەخشرێت وەئەگەر ئێمە خۆشمان دەسەلاتی سیاسیمان وەرگرت نەك تەنیا ئامۆژگاری جیابونەوە دەكەین بەڵكو بەكردەوە جێ بەجێ ی ئەكەین )) لینین هەمان سەرچاوەی پێشوو .

ئەم رایەی رەخنەگر ڕێگەگرتنە لەخەبات و بەكارهێنانی بیرو مێشك و گرێ دانەوەی كرداروتیۆرە ، ئەمە بەپێچەوانەی ماركسیزم و دیالێكتیك و هەموو سەرەتایەكی زانستە .

لە لاپەرە ( ٢٥٣ ) ی هەلبژاردنەكاندا بەرگی یەكەم لینین بەم شێوەیە بەرپەرچی رەخنەگر و هاوبیرەكانی ئەداتەوە ))(( پێویستە لەسەرمان لە یەك ئەوە روون بكەینەوە كە چەند بیروباوەڕی ( بیر و باوەڕ ) لە داواكردنی ( سەربەخۆیی خودی رۆشنبیری نەتەوایەتی ) كۆنەپەرستانەیە لە لایەكی تریشەوە ئەوەندە

بەپەرۆش تر داوای رزگاری نەتەوە چەوساوە زۆرلێکراوەکان بکەین نەك بەشێوەیەکی گشتیانەو تەماوی، نەك بەقسەی بێ مانا، نەك بەدواخستنی ئەم کێشەیە تا بەرپابوونی شۆرشی سۆشیالیزم...

بەپێی ئەم تێگەیشتنەی رەخنەگر لە ( م . ل ) نەتەوایە تا ئێستا هیچ گەلێکی ماف خوراو. خەباتی بکردایەو رزگاری مافی چارەنوسی بەدەست بهێنایەو نیوەی دونیاش سۆشیالیزمی بنیات نەنایەو لەمەودواش هیچ گەلێك بەرەو پێشەوە هەنگاو نەنێت و هەر چاوەروانی دەست و مەجەکی رەخنەگر و هاوبیرەکانی بن .

لە لاپەرە (٢٦٠) ی هەمان نامیلکەی ناوبرودا لینین ئەم رستەیەی خوارەوە دەدات بەرووی گشت دۆگماتیست و لادەراندا (( بۆیە پێویستە لەسەر سوشیالیستەکان کە تەنیا داوای خیرایی رزگاربونی کۆلۆنیەکان نەکەن کە ئەمە خۆی لەخۆیدا دان نانە بەمافی چارەنوسدا بەڵکو پێویستیشە لەسەریان بەهەموو توانایە-کیانەوە پشت گیری توخمە هەرەشۆرشگێرەکانیان بکەن لە بزووتنەوەکانی رزگاری نیشتمانی بۆرژوای دیموکراسی دا لەم ولاتانەدا وەیارمەتی یان بدەن لە هەستانیان بە شورش و لە بەرپاکردنی جەنگی شۆرشگێرەکاندا )) هەمان سەرچاوە .

رەخنەگر کاتێك بەناوی لینینەوە پێمان دەلێت ئەو مافە بۆ سەلماندن و خەبات و شۆرش نیە بەلکو ئەو گەلەی خەبات بکات بۆ بەدەست هێنانی مافی چارەنوس و رەوت نان بەرەو سۆشیالیزم ئەوە خۆی جیانەکاتەوە لەگەلان و خەباتی لێ یان دادەبرێت بەلام،

بەبێ دەست نیشان کردنی هیچ سەرچاوەیەك کە ئەم رایەی بسەلمێنی کەچی ئەوەتا لینینی مەزن خۆی داوا لە سوشیالیستەکان دەکات و دەلێت تەنانەت ئەگەر نەتەوەکەیش رادەی هوشیاری کەم بێت ئەوا دەبێت و پێویستە لەسەرتان هانیان بدەن و یارمەتیان بدەن بو بەرپاکردنی شۆرش و رێکخستنی جەنگی گەل بۆ بەدیهێنانی ئەو مافە رەوایە (( چ جای ئەوەی ئەو گەلە ژێردەستانە خاوەنی کرێکاری خۆیان بن ( وەك ئیستای گەلی کورد ) بەرابەرایەتی کردنی شۆرشی رزگاری نیشتمانی بۆ بەرەو سۆشیالیزم )) .

لینین بەوەشەوە ناوەستێت و ئەو مارکسیستانە بەکۆنەپەرست، و نۆکەری ئیمپریالیزم دەزانێت کە بەم ئەرکەی سەرشانی هەل نەسێت (( پێویستە لەسەر سۆشیالیستەکان بۆ جەماوەری روون بکە-نەوە کە ئەگەر سۆشیالیستەکانی ئینگلیز داوای جیابونەوەی کۆلۆنیەکان و ئیرلەندە نەکەن و سۆشیالیستەکانی ئەلمان داوای جیابونەوەی کولونیەکان و پولونیا نەکەن و بروپاگەندەو خەباتی جەماوەرانەی شۆرشگیری بۆ نەکەن دژی چەوساندنەوەی نەتەوایە-تی و رووداوەکان وەك سافیرن بەکار نەهێنن بۆ هاندانی پرۆلیتاریای نەتەوەی دەسەلاتدار بۆ رێکخستنی خۆپیشاندان و کرداری شۆرشگێرانەی جەماوەرانە، سوشیالیستەکانی رووس داوای، جیابونەوەی فلندە و پۆلۆنیا و ئوکرانیاو ... هتد نەکەن، ئەگەر ئەم سۆشیالیستانە داوای جیابونەوانە نەکەن، واتە رێ و شوێنی

کۆمۆنیستەکان دەگرن بەدڵ مراوانی یەوە و نۆکەری بورژواو ئیمپریالیزمن )) لینین ـ هەڵبژاردەکان ـ بەرگی یەکەم ل ٢٦٢ .

لەوانەیە کەسانی تریش هەبن و وەك کاکی رەخنەگر بیربکەنەوە و بڵێن لینین تەنیا مەبەستی کۆلۆنیەکان بووە و ئەم بۆچونانەی پەیوەندی بەبارێکی وەك کوردستانی ئێمەوە نیە کە دابەش کراوە بەسەر چوار دەولەتدا،گەلەکەی لەژێر سایەی ئەو رژێمانەدا لەتەك گەلەکانی خویاندا ئەمە جیاوازە و ئێمە ناگرێتەوە دابرینی خەباتە لەو گەلانە ..

یەکەم ـ پۆلۆنیاش دابەش کرابوو بەسەر سێ دەولەتدا کە ئەلمانیا و رووسیاو نەمسا بوو .

دووەم ـ ئێرلەندەش ئەوساو ئێستاش بەشێکە لە ئینگلترە .

سێهەم ـ کۆتایی دەقی رستەکەی لینین ناوی دوو وولاتی هێناوە کە فلندەو پۆلۆنیایە کە ئەوسا وەك ئێستای کوردستانی ئێمە بەشێك بوون لە ئیمپراتۆریەتی رووسیاو ئۆکرانیاش ئێستاو ئەوساش بەشێکی لەیەك نەپچڕاوی یەکێتی سۆفیەتە ..

لەلایەکی تریشەوە لینین هەموو هەولدانێك بۆ دۆزینەوەی جیاوازی لەنێو کولۆنیەکان و نەتەوە زۆرلێکراوەوبەزۆر بەستراوە پاشکۆکان بە هەولدانێکی گێلانە دەداتە قەلەم .

مێژووی پڕ لەکەڵك و پەندی بەپیتی بزووتنەوەی گەشی کرێکارانی گەلانی جیهان چەندەها جار ئەو راستیەی سەلماندوە کە لە هەموو ئەو رووداوە مێژووانەدا و لەهەلوێستی دامەزرێنەرانی ( م . ل و داشانی چارەسەر بۆ کێشە جیاجیاکان کە جیابونەوەی نەتەوە ژێردەستەکان لەنەتەوە سەردەستەکان هەرگیز پساندن و پچڕپچڕ کردنی خەباتی گەلان و دابڕینیان نیە لەیەکتری و هەروەك پچڕ پچڕکردنی خەباتی پرۆلیتاریای گەلانیش ناگەیەنێت هەلبەتە ئەگەر بەپێچەوانەوە بوایە هەرگیز مارکس و ئەنگلس و لینین داوای جیابونەوەی ئێرلەندەو پولۆنیاو ئۆکرانیاو فلندەو ..هتد سەرجەم نەتەوە ژێردەستەکانی دنیایان نەدەکردو بەکردەوەش خەباتیان بۆ نەدەکرد . داواشیان لەکرێکارانی نەتەوەی سەردەست نەدەکرد بەخۆ رزگارکردن لەچەوساندنەوەی کرێکاران و گەلانی ژێردەست بەخەبات کردن و بۆ جیابونەوەیان و بریاری کۆنفرەنسی لەندەنیش لەسالی ١٨٩٦ داوای مافی چارەنوسی بۆ گشت نەتەوەکان نەدەکرد بەبێ جیاوازی ((.

(( پەرژەوەندی یەکگرتنی پرۆلیتاریا ، پەرژەوەندی هاوکاری و هاوخەباتی جیهانیەتیەکەی لەوەدایەووا پێویست دەکات داکۆکیبکرێت بەمافی نەتەوەکان لە جیابونەوەیاندا )) لینین ـ چەند سەرنجێکی رەخنەگرانە دەربارەی کێشەی نەتەوایەتی ... ل ١٦٤ .

ئەگەر بۆچونەکەی رەخنەگر راستی بێتکایە نەدەبوو لەسەرانسەری جیهاندا هیچ گەلێك کەرەسەو دام و دەزگای خەباتی هەبوایە کەبریتیبن لەپارت و رێکخراو و سەندیکاو پارتی چینی کرێکارانیش چونکە وەك رەخنەگر بۆی دەچێت ئەم کەرەسانە هەوڵ دەدەن بە دابرینی خەباتی گەلان لەگەڵ یەکترو ریزەکانی چینی کرێکار کەرت و پەرت دەکەن . دەبوایە لینینیش پارتەکەی،شۆرشی

مەزنی ئۆکتۆبەریان بەرپا نەکردایەو چاوەڕوانیان بکردایە تا هەموو جیهان پێکەوە شۆڕشیان بەرپا دەکرد . هیچ نەتەوەیەکیش خەباتی نەکردایە بۆ بەدەست هێنانی مافی چارەنوسی خۆی تا گەلانی سەردەست و گەلە سست و نوستوەکانیش لەو خەوە قوولەیان بەئاگا دەهاتن و ڕاپەڕین و لەسەرانسەری جیهانیشدا یەک پارتی چینی کرێکار هەبوایە بۆ سەرکردایەتی کردنی کرێکارانی سەرجەم نەتەوەکان .

ئا ئەمەیە تێنەگەیشتن لە خەباتی هاوبەشی گەلان و هاوکاری نێوانیان و لە پاراستنی یەکێتی ڕیزەکانی کرێکاران .

هەروەک چۆن مرۆڤایەتی ناتوانێت چینەکانی کۆمەڵ لەناوبەرێت تا بەقۆناغێکدا تێپەڕ نەبێت کە ئەویش قۆناغی دکتاتۆریەتی چینی زۆرلێکراوە هەروەهاش ناتوانێت یەکێتی و تێکەڵاوی نەتەوەکان ئەنجام بدات تا بەقۆناغێکدا تێپەڕ نەبێت کە قۆناغی ڕزگاربوونی هەموو نەتەوە زۆرلێکراوەکانە ڕزگاربوونێکی تەواو واتە بە تێپەڕبوونی قۆناغێک کە بەئازادی جیابوونەوە شاد بن ))
لینین ـ هەڵبژاردەکان بەرگی یەکەم ـ ل ٢٥٣.

لەمەسەلەی بنکەی دیموکراتیدا کە نوسەری نامیلکەکە پۆلۆنیای زەمانی مارکس و ئەنگلز بەنمونە دەهێنێتەوە پۆلۆنیای سالەکانی چل و شەستەکانی سەدەی پێشوو . هەر بۆ هەمان مەبەست هێناویەتیەوە کە ڕای مارکس و ئەنگلز پیشان بدات و هەڵوێستی ئەوان بەرامبەر ئەو بنکەیە ئەو بایەخە زۆرەی کەدایان بەو بنکە دیموکراسیەی پۆلۆنیاو کە ویستویانە هەموو قورسایی شۆڕشگێرانەی ئەورووپا بخەنە پۆلۆنیاوە چونکە تاکە بنکەی دیموکراسی و شۆڕشگێری ئەوسا بوە لەئەورووپادا لەو تێڕوانینەوە کە ئەو بنکەیەو ئەو بارە شۆڕشگێریتیە کلپەو بلێسەکەی سەرا ـ نسەری ئەورووپا بتەنێتەوە .

واتە ئەم نمونە هێنانەوەش هەر بەمەبەستی دیاری کردنی هەڵوێستی مارکس و ئەنگلز بووە کە دوو دامەزرێنەری مارکسیزمن نەک بۆ پێچواندنی کوردستانی سەدەی بیستەم بەپۆلۆنیای چل و شەستەکانی سەدەی پێشوو .

کەرەخنەگر وەک لە هەموو بوارێکدا چەندی بۆ کرابێت وەک نمونەکانی تر بەئاوەژووەوە گەرەکیەتی تێمان بگەیەنێت بەمەبەستی چەواشەکردنی خوێنەران و هەڵبژاردنیان .

نوسەری نامیلکەکە زۆر بەڕوونی مەبەستی هێنانەوەی گشت نمونەکانی دیاری دەکات کە ئەویش دەرخستنی هەڵوێستی مارکسیزمە نەیە لەسەر ڕووداو و بارێک لەسەر بابەتێکی دیاری کراو و گونجاندنی ئەو هەڵوێستو چارەسەرکردنەش بەسەر کوردستاندا .

لێرەدا بەمەبەستی گرنگی دانە بە بنکەی دیموکراسی لە ڕوانگەی (م . ل) ـەوە هەر بۆیەش کە ئەو بنکەیە کپوخامۆش بوە و بایەخی خۆی نەما وەک جاران و لەشوێنێکی تردا بنکەیەکی هەڵچووی فراوان هاتەکایەوە شوێنەکەی گوێزرایەوە بۆ ڕووسیا کە پێویست بوو پۆلۆنیاو ناوچە نزیکەکانی تریش قورسایی شۆڕشگێرانەی خۆیان بخەنە سەر ئەو بنکە دیموکراسیە گەورەو هەڵچووە .

لەبەر ئەوەی کوردستان ئیستا کاریگەرترین و هەلچوترین بنکەی شورشگێرانەو دیموکراسی ناوچەکەیە هەر بۆیە پێویستە ئەو بایەخە زۆرەی کە مارکس و ئەنگلز دایان بە پۆلونیای هەلچو دوایش درا بە رووسیای بنکەی دیموکراسی کاریگەر ئێستاش هەر لە دیدەی مارکسیزمانەوە ئەو بایەخە بدرێت بەم بنکە دیموکراسیەی کوردستان و قورسایی دیموکراتی گەلی کوردستان بەلکو بە تەواوکردنی ئەو شۆرشەو ئەرکەکانی قۆناغەکەش لە سەرانسەری ناوچەکەدا بەرەو پێشەوە چوون بەرەو سوشیالیزم .

کاتێکیش لە شوێنێکی تری ناوچەکەدا بنکەیەکی هەلچوی تری لێ پەیدا بوو و بنکەکەی کوردستان کپ و خامۆش بووەوە ئەوە پێویستە هەموو قورسایی بخرێتە سەر ئەو بنکە هەلچوە کلپەدارە .

ئەمەیە بیرورا بۆچونی مارکسیزمانە کە گونجاوە لەگەل واقیعدا لەگەل بارودوخ و هەلومەرجەکەی کوردستان و ناوچەکەدا نەك بەشێواندن و هەلگێرانەوەی راستیەکان نەك بە لاوەنانی کوردستان و گەلەکەی و تاوانبارکردنی ناوبەرانی کوردستان بە دەمارگیری و نەتەوەپەرستی بەمەبەستی سەرلێ تێکدانی تیکۆشەران و خوێنەران .

نوسەر لە هیچ لاپەرەیەکی نامیلکەکەیدا نەی ووتوە هەر کوردستانو کوردستان دەبێت تاسەر تاکە بنکەی دیموکراسی بێت لەناوچەکەدا بەلکو دەلێت لە دێر زەمانەوە لە نزیك سەدەیەکەوە و بە تایبەتی لەم بوارەی ئێستادا کە تاکە بنکەی دیموکراسی و شۆرشگێرانەی ناوچەکەیە .

ئەگەر رەخنەگر بە کەم بایەخ دان بە کوردستان و بزوتنەوەکەی، گەرەکیەتی هاوناو یەکسانی کات لەگەل بەشە نا کوردستانیەکەی ئێراندا ئەوا زۆر بەهەلەدا چووە لەلایەکەوە لە لایەکی تریشەوە هەر خۆی بەرپەرجی هاورێی نوسەر دەداتەوە دەلێت هەر دەست نیشان کردنی کوردستانی بەشی ئێران و عیراق دەکات و کوردستانی بەشی تورکیای فەراموش کردوە . ئەی هەر خوی نالیت (( تەنیا خەباتی چەکدارانە مەرجی بنکەی دیموکراسی نیە )) یان باسی رێکخراوە مارکسیستەکانی سەروو خواروی ئێران ناکات کە لە خەبات دان، خۆ کاکی رەخنەگر ئەو راستیە چاك دەزانێ کە لە کوردستانی بەشی تورکیادا کۆمەلیك پارت و رێکخراوی تیکۆشەری مارکسیست هەن بگرە جموجولی شورشگێرانەشیان هەیە، کە سەروخواروی ئێران بەو پێوانەیە نەیەوێت بنکەی دیموکراسی بناسێنێت ئەی کوردستانی بەشی تورکیا بۆ ئەو پێوانەیە ناگرێتەوە کە بنچینەکیشی لە سەروو خوارووی ئێران بەرزترە لەو رووەوە .

لەگەل ئەمانەشدا وەك راستیەکی زانراو مەرج نیە شۆرش و هەلچونی شۆرشگێرانەو بنکەی دیموکراسی سەرانسەرو گشت قوژبن و کەلێنێکی وولات بگرێتەوە لەبەر کۆمەلیك هەلومەرج و بارودۆخی تایبەتی و زاتی .

هەموو شارەزایەك ئەو راستیە بەباشی دەزانێت کە شۆرشی مەزنی ئوکتۆبەر لەسەرەتای هەلچون و پێش و کاتی بەرپابونی و دوای سەرکەوتنیشی نەك هەر تەنها سەرانسەری رووسیاشی نەگرتە

بەلکو هەر زور ناوچەی فراوانیش هەبوو کە نامو بوون پێی و بگرە لە هەندێك ناوچەشدا دژایەتی و بەربەرەکانی دەکرا کە ئەمە هەرگیز لەگرنگی و بایەخی ئەو بنکە فراوان هەڵچووەی،کەم نەدەکردەوە . هەمان شێوەش شۆڕشەکانی چین و ڤیێتنام و کوبا و گەلانی تری جیهان .

وەك لەسەرەوە باسمان کرد هاوڕێ ی نوسەر بە مەبەستی هێنانەوەی گشت نمونەکان تەنیا بو دیاریکردنی هەڵوێستی مارکسیزمانەیە سەبارەت بە کۆمەلە دیاردەو ڕوودا وێك لەسەر بابەتێکی دیاری کراو هەروەك جیابونەوەی نەتەوەکان و چینی کرێکارو ڕێکخراوە شۆڕشگیرەکانیان یان بایەخ دان بە بنکەی دیموکراسی ... هتد . وە جێ بەجێ کردن و گونجاندنی ئەو هەلوێست و چارەسەر کردنە مارکسیزمانە کە بۆتە ( پاسا ) بەسەر کوردستاندا .

ئایا یاسا و سەرەتاو هەڵوێست و چارەسەرکردنێکی مارکسیزمانە بۆ هەموو دیاردەو ڕوودا و و بابەتێکی دیاری کراوی لەیەکچو وەك یەك نیە ئەگەر بارو دوخە تایبەتیەکەی ڕەچاوبکریت و داهینەرانە جی بەجی بکریت ؟ ئایا دامەزرێنەرانی مارکسیزم بە چ مەبەستێك ئەم نمونانەیان هێناوەتەوە و چارەسەری کێشەکانیان دەست نیشان کردوە ؟ . هەر بۆ ئەوە نیە کە کرێکاران و گەلانی چەوساوەی جیهان پەیرەوی بکەن و کەڵکی لێ وەربگرن و بیگونجێنن لە وولاتەکەی خۆیاندا ؟ ئایا بیروباوەڕو بۆچونەکانی مارکس و ئەنگلزو لینین و خەرمانی تاقیکردنەوەی کرێکاران و گەلانی جیهان هەموو هەر بۆ خۆیان بوون بۆ ئەو سەردەمە ئەست ئەدات و نابێت گەلانی تر کەلکی لێ وەربگرن؟ .

ئەگەر وەك ڕەخنەگر واتەنی وابیت،ئەوا پێویستی چیە بەتیۆری ( م . ل ) کە بەڕای ئەو تەنیا بۆ ئەو سەردەمانە بوەو بۆ ئەو میللەتانە ووتراون و داڕێژراون و ئێستا ناگونجێن لە کوردستاندا ـ یان هەر دیسان بەپێشەنگای کتێب و ووتار و نامیلکەی دەزانێت .

بۆچونەکانی ئەو نوسەرە دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی کە کەسەکانی وەك ئەو،کە ئەمە لێکدانەوەکەیان بێت بۆ ڕوودا وەکان و ئەمە تێگەیشتنیان بێت، بەداخەوە زۆر بەئاوەژووەوە لە تیۆری م . ل گەیشتوون کە بەم شێوەیە ئەم تیۆرە مەزنە دەشێوێنن و بە قالبێکی وشك و بێ گیانی دەزانن نەك وەك زانستێکی زیندوی شۆڕش کە چرای ڕووناك کەرەوەی شۆڕشگیرانە بۆ گۆڕینی کۆمەڵ و بەرەو پێشەوە بردنی .

# خاکیەزکانی کوردستانا

نوسەر لەژێر ئەم سەرباسەدا دێت ڕاستیەکی گرنگ دەستنیشان دەکات کە کێشەی نەتەوایەتی گەلی کوردستان یەك کێشەیە و چارەسەرکردنی بەشێکیشی کێشە گشتیەکە چارەسەر ناکات، بەڵکو ڕای وایە کێشەکە بەگشتی چارەسەر بکرێت لەڕێی سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراتی لەسەرانسەری ناوچەکەدا واتە لەگشت ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان پێوە بەستراوەتەوە .

واتە کاتێك کێشەی نەتەوایەتی کوردستان چارەسەر دەکرێت کە سەرکەوتنی شۆڕشی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان بەدەست بێت، ئەم سەرکەوتنەش بەستراوەتەوە بەسەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراتی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە .

ڕەخنەگریش هەمان ڕای ڕاستی هاوڕێی نوسەر دەسەلمێنی کە لاپەرە ٢١ ی نامیلکەکەی خۆیدا دەڵێت ( ڕاستە مافی چارەنوسی بەشێك لەبەشەکانی کوردستان مافی چارەنوس نیە بۆ بەشەکانی تر)

مەبەستی هاوڕێی نوسەریش لەم بۆچونەیدا ڕوون و ئاشکرایە کە لەسەرەتای نامیلکەکەیەوە و لەچەند بابەتێکی گرنگیدا دەیەوێت ئەو ڕاستیە بسەلمێنێت کە کوردستان ببێت بە کۆبەندی بزوتنەوەی گەورە و فراوانی ناوچەکە . ببێت بەمەڵبەندو بنکەیەکی دیموکراتی سەرانسەری ناوچەکە کە لەو ڕێگەیەوە ئەرکە دیموکراتیەکانی ئەو گەلانە بەدەست بێت.لەوانەش ئەرکە دیموکراتیەکانی گەلی کوردستانیش .

هەر بۆیە دەگاتە ئەم ئەنجامەو دەڵێت (( چونکە مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کوردستان بەشێك نیە لەمەسەلەی دیموکراتی یەکێك لەو وڵاتانەی ناوچەکە کێشەیەکە چارەسەرەکەی نەبەستراوەتەوە بەسەرکەوتنی دیموکراتی لەعیراق یان لەئێراندا.بەستراوەتەوە بە گەشەکردنی بزوتنەوەی دیموکراتی و شۆڕشگێڕانە لەسەرانسەری ناوچەکەدا ، بەستراوەتەوە بەجێ بەجێ کردنی ئەرکە دیموکراتیەکان لەسەرانسەری کوردستاندا )) .

بەلام کاکی ڕەخنەگر هەر لەبەرئەوەی ئیمانی بەبزوتنەوەی گەلی کوردستان نیە بڕواشی بەپارتی پێشڕەوی چینی کرێکارەکەی نیەو دژایەتی هەردووکیان دەکات . ئەم دژایەتیەی وای لێ کردووە کە پەرانگاری هەموو بزوتنەوەو هەموو ئەو کەسانەی بڕوایان پێیەتی و بگرە هەموو ڕایەکی دروستیش بێت .

بەلام کاکی ڕەخنەگر وەك پیشەی هەمیشەیی کە لەنامیلکەکەیدا پەیرەوی کردوە دیسان نەك تەنیا ئەمجارەشیان هاتوە مەبەستەکەی نوسەری شێواندوە، بەڵکو کارێکی نابەجێ تریشی کردوە بە پچڕ پچڕ کردنی ڕستەکەو نەیەك ترازاندنی وشەیان ڕستەکەی نوسەری

بەکەم و کوری هێناوەتەوە و پیشانی خوێنەرانی ئەدا تەنانەت بەشێکیشی لێ دەرهێناوە کە کەوتۆتە ناوقەدی رستە سەرەکیەکەیەوە و گرێ دان و بەیەک بەستنەوەی بیرو مەبەستەکانی، لەیەک پچڕاندوە تەنیا هەر بۆئەوەی سەر لە هاوڕێیان و خوێنەران بشێوێنێ و نوسەر وا نیشان بدات کە گەرەکیەتی خەباتی گەلەکەی دابڕێت لە خەباتی گەلانی دراوسێی هاو ڕژێم .

نوسەر دەلێت یەك دەولەتی داگیرکەری کوردستان کێشەگشتیەکە چارەسەر ناکات و، بەسەرکەوتنی یەك بزوتنەوەی دیموکراتی تەنیا یەکێك لەو ولاتانە کێشەی نەتەوایەتی هەموو بەشەکانی کوردستان حێ بەجێ نابێت. بەڵکو ئەو کێشەیە کاتێك چارەسەر دەکرێت کە بزوتنەوەی دیموکراتی لە هەر چوارچێوەی دەولەتەکەدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێت واتە لەرێگای بزوتنەوەیەکی گەورەی گەلانی ناوچەکە کە بزوتنەوەی گەلی کوردستانیش ئاوێتەی دەبێت و ئەرکە دیموکراتیەکانی سەرتاپای ئەو گەلانە بەدەست دێت بە گەلەکەی ئێمەشەوە، واتە کوردستان دەبێت بە کۆبەندی بزوتنەوەیەکی سەرانسەری ناوچەکە .

نوسەر نەی وتوە بزوتنەوەکەو خەباتی گەلی کوردستان لە عیراقدا یان لەئێراندا یان لەتورکیادا بەشێك نیە لە بزوتنەوەو خەباتی ئەو ولاتانە بەلکو دەلێت کێشەکەو چارەسەر کردنەکەی نەبەستراوەتەوە تەنیا بەیەکێك لەو ولاتانەوە هەر بۆیەش دەلێت مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کوردستان بەشێك نیە لە تەنیا مەسەلەی دیموکراتی تاکە ولاتێك .

ئایا هەست بەجیاوازی دوو وشە و مەبەستەکانی هەردو وشەکە ناکرێت ؟ ئایا کێشەو چارەسەرکردن مانای بزوتنەوەو خەباتە ؟

ئایا ئەمەیە رەخنەو لێنۆڵینەوەی زانستانە، یان هەولدانێکی بێ پەروایە بە هەر رێگەیەك بێت بۆ سەر لێشێواندانی خوێنەران .

کاکی رەخنەگر لێرەدا و لەسەرانسەری نامیلکەکەیدا لە باتی ئەوەی وەك رۆشنبیرێك رۆلی روون کردنەوەی هەبێت وەك ئەرکێکی سەرشانی رۆشنبیرانی راستەقینە کەچی بەداخەوە هاتوە ئەم بابەتەشی ئاوەژوو کردۆتەوە .

نەك ئەم بابەتەی نووسەر ئەوە ناگەیەنێت وەك رەخنەگر بە زۆرەملی ناراست و نازانستانە لێی تێ بگات و خوێنەرانیش چەواشە بکات گوایە نووسەر گەرەکیەتی خەباتی گەلی کوردستان لە خەباتی گەلی ناوچەکە دابڕێت بەلکو بەپێچەوانەوە سووربوونێکی زیاتروو بەتینتر دەگەیەنێت بۆ هاوخەباتی و توندوتۆل کردن و گرێ دانەوەیەکی توندو گەورەکردنی قەوارەی بزوتنەوەی گەلانی ناوچەکە .

رەخنەگر بەمەشەوە نەوەستاوە کە بەپێچەوانەوە راستیەکانی خستۆتەروو بەلکو هاتووە، کارێکی نابەجێشی کردووە، هەروەك لە زۆر شوێنی ئەم نامیلکەیەدا بوتە کارێکی سەرەکی بەوەی لەگێرانەوەو هێنانەوەی دەقی رستەکانی نوسەردا چەند وشە یان نیوە رستەی لێ دەرهێناوە کە بۆتە مایەی تێك دانی مەبەستەکانی هاوڕێی نوسەرو ئاوەژوو کردنەوەی بۆچونەکانی کە ئەمەش کارێکە، دوورە

لە ئەمانەتی گێڕانەوە و، کرداریکی نازانستیانە .

ئەمەش دەقی گێڕانەوە دەسکاریەکەی رەخنەگرە، کە نیوە رستە دزراوەکەی تێدا نیە و هەر بە بۆشی دەیهێڵێتەوە یا خوێنەر خۆی بریار بدات کە بەو دزینی رستەیە چەند مەبەستەکەی شاوەژوو کردۆتەوە (( مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کوردستان بەشێك نیە لە مەسەلەی دیموکراتی یەکێك لەو وولاتانەی ناوچەکە کێشەیەکە چارەسەرەکەی بەستراوەتەوە بە سەرکەوتنی مەسەلەی دیموکراتی لە عیراق یان لە ئیراندا ......... بەڵکە بەستراوەتەوە بەسەر جێ بەجێ کردنی ئەرکە دیموکراتیەکان لەسەرانسەری کوردستاندا ))

رستە دزراوەکەش کە رەخنەگر دەری هێناوە لە ناوقەددا پچراندیەتی ئەمەیە (( بەڵکە بەستراوەتەوە بەگەشەکردنی بزوتنەوەی دیموکراتی و شۆرشگیرانە لەسەرانسەری ناوچەکەدا )) واتە بەرای نوسەر لە رێگای گەشەکردنی بزوتنەوەی دیموکراتی و شۆرشگێرانەی گەلانی ناوچەکەو سەرکەوتنی شۆرشی دیموکراتی ناوچەکە ئەرکە دیموکراتیەکانی کوردستانیش بەدەست دێت و کێشە نەتەوایەتیەکەشی چارەسەر دەکرێت .

ئێمە دەپرسین لە خوێنەران لە پیش داو ئەمجا لە کاکی رەخنەگر، ئایا ئەمە دابرینی خەباتی گەلی کوردستانە لە خەباتی گەلانی دراوسێ ؟ ئایا ئەمە گرێ دانەوەیەکی توندو تۆڵ ترو شمولی ترە ؟

هەربۆیە داوا لە خوێنەران و هاوڕێیان دەکەم، کە هەردوو دەقەکە بخوێننەوە و بزانن بەو رستە گۆراوە تا چ رادەیەك مانای راو بۆچونەکەی نوسەری شێواندووە و سەرەونگونی کردوە، ئەمجا خۆی سەرپشك و حەکەم بێت بەرامبەر کارێکی وا نابەجێ و نادروست کە ئەمەیە هەرگیز کاری مرۆڤێکی رۆشنبیرو شۆرشگیرو مارکسیست نیە بە گرتنەبەری رێگای نابەجێ بۆ سەلماندنی راکەی خۆی و بەرپەرچدانەوەی راوبۆچونی کەسانی تر کە لەم بوارەدا لێکۆ- لینەوەو شی کردنەوەی زانستانە دەبێت پەیرەو بکرێت .

وەك باویشە لە ناو نووسەران وخاوەن بیروباوەران دا، هەر لێکۆڵینەوەو رەخنەیەك ئەمانەتی گێڕانەوەی لەدەست دا، ئەوا ئەو لێکۆڵینەوەیە فەرامۆش دەکرێت و هیچ بایەخێکی زانستیانەی نابێت و بەکارێکی نادروست لەقەڵەم ئەدرێت .

بەلام ئێمە لێرەدا هەر لەبەر باری ناسکی بزوتنەوەی گەلەکەمان و بزوتنەوە گەشەکردوەکەی کرێکاران و رێکخراوە تێکۆشەرە- کانی کوردستان و بۆ ئەوەی خوێنەران سەریان لێ تێك نەچێت و راستیەکانیان لێ شاوەژوو نەکرێتەوە و هەر کەسێك راست نەبێتەوە و هەر رێگایەکی ناشایست بگرێت بۆ سەپاندنی راو بۆچونە هەڵە- کانی خۆی و چەواشەکردنی خوێنەران . تەنیا بۆ ئەم مەبەستانە و لە رێی دەرخستنی راستیەکاندا ئەرکێکی ئەم روون کردنەوەیەمان خستە ئەستۆ، ئەگینا نوسینەکەی رەخنەگر نرخێکی زانستانەی نیەو پێویستە فەرامۆش بکرێت و لە خانەی لێکۆڵینەوەی زانستانە دانانرێت .

نوسەر گەرەکیەتی گەلی کوردستان و بزوتنەوەو کێشەکەی بە یەك گەل و بەیەك بزوتنەوەو بەیەك کێشە نیشان بدات و وەك

واقیعێکی راستە کە بڕیاری رەخنەگریش ناتوانێت و نکۆڵی لەم راستیە بکات کە لێکیش بزوتنەوەو چارەسەرکردنی کێشەکەی یەک مەسەلەی نەپچڕاو بیبێت گومانی تێدا نیە ئەو مەسەلەیە بەشێک نابێت بەتەنیا لە یەکێک لەو مەسەلە دیموکراتیانەی تاکە دەولەتێک بەلکو بەشێک دەبێت لە سەر جەم مەسەلە دیموکراتیەکەی سەرانسەری گەلانی ناوچەکەو،بەسەرکەوتنیشی ئەرکە دیموکراتیەکانی سەرانسەری کوردستانیش جێ بەجێ دەبێت و بەدەست دێت.

لەسەر رۆشنایی ئەو راستیانەی سەرەوە،هەروەک نوسەریش لە گەلێک شوێنندا دەست نیشانی کردوەو ئەرکەکانی هاوخەباتی بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان:دوو لایەنە،لەلایەک ئەرکی هاوخەباتی لەگەڵ ئەو گەلانەی لەگەڵیدا دژی رژێمە بیرو-کراتە سەرمایەدارەکان واتە وەک بەشێک لە شۆڕشی ئەو ولاتانە (( نەک وەک رەخنەگر شارەزوویەتی )) بۆ بەدەست هێنانی قۆناغی دیموکراتی و جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی .

لەلایەکی تریشەوە ئەرکی هاوخەباتی لەگەڵ بزوتنەوەی بەشەکانی تری گەلی کوردستان بۆ جێ بە جێ کردن و فەراهەم هێنانی ئەرک و پێداویستەکانی قۆناغی رزگاری نیشتمانی لە سەرانسەری کوردستاندا وەک یەک گەل و یەک بزوتنەوەو یەک کێشە . (( بزوتنەوەی نیشتمانی گەلی کوردستان لە هەر پارچەیەکدا هەم پەیوەندیەکی توندو تۆڵی لەگەڵ پارچەکانی تردا هەیەو هەم بەشێکی کاریگەرە لە بزوتنەوەی نیشتمانی ئەو ولاتانەی لەگەڵیا ئەژی . ئەو دوولایەنەی پەیوەندی بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان کارێکی مێژووکردەو لە شارەزووی خۆی بەدەرە )) پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان ل ١٢. ئایا ئەم ئەرکە دوولایەنەیە ناکۆکن لەگەڵ یەکتر ؟ ئایا بەم شێوەو بە بەستنەوەی ئەم ئەرکە دوولایەنەیە بەیەکەوە گرێدانەوەی بە توندو تۆڵی کوردستان و بزوتنەوەی دیموکراتی گشت گەلانی ناوچەکە بەیەکەوە نابەستێتەوە ؟ ئایا بەم شێوەیە کوردستان نابێت بە کۆبەندی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی فراوان لە ناوچەکەدا و قورساییەکی گەورە نابێت لەسەر رووداوەکان و نابێت بە جۆگەیەکی گەورەی شۆڕشی دیموکراتی و سۆشیالیزم و نارژێتە ناو رووبارە گەورەکەی شۆڕشی سوشیالیزمی جیهانەوە ...؟ رەخنەگر لەسەر ئەم بابەتە ئەڕوات بەلام بەداخەوە هەر لەسەر شێواندنی بیرو بۆچونی ناپیلکە کە بەرنەوامە و لە گرتنەبەری رێگەی ناشایست و نابەجێشدا هەر بەرنەوامە کە لێرەدا دەستی کردوە بە دارشتنی چەند رستەو راو و بۆچونێک لەلایەن خۆیەوە کە گوایە ئەمە بۆچونی هاورێی نوسەرە .

رەخنەگر چەند جارێک خۆی ماندووکردوە بەم رستەیەوە کە دەست کردی خۆیەتی (( رزگارتان نابێت تا کوردستان رزگار نەبێت)) واتە ئەمە رای نوسەرەو بەگەلانی دراوسێی دەلێت کە خۆی لەخۆیدا بوختانەو ئاوەژوو کردنەوەی ئەسڵی باسەکەی نوسەرە .

لەخاڵی سێهەمی خاسیەتەکانی کوردستان نوسەر ئەم بەرەتا مارکسیزمانەی دەربڕیوە - (( چینی کرێکار لە تورکیاو ئێران و

عیراق و سوریا ئەبێ خۆیان لە داگیرکردنی کوردستان رزگار بکەن رزگاری و سەرکەوتنیان بەستراوەتەوە بە رزگاری کوردستانەوە )) .
واتە تا کرێکارانی ئەم گەلانە خۆیان لە داگیرکردنی کوردستان رزگار نەکەن، ناتوانن رزگاری خۆیان بەدەست بهێنن لە زۆرداری و چەوساندنەوەی رژێمە سەرمایەداری و بۆرژوازیەکەی خۆیان.
هاوڕێی نوسەر زیاد لە لاپەرەو نیوێکیشی ئەم بەرەتا مارکسیزمسا نەیەشی دەکاتەوەو نمونەی لەسەر دەهێنێتەوە .
مارکس روی دەمی دەکاتە کرێکارانی ئینگلستان و دەڵێت (( چینی کرێکاری ئینگلیز بەبێ رزگاربونی ئێرلندە لە زۆرداریەتی ئنگلیز رزگار نابێت )) لینین ـ چەند سەرنجێکی رەخنەگرانە لاپەرە ١٤١ .
واتە مارکس ئەڵێت ئەی کرێکارانی ئنگلیز خۆتان رزگار کەن لە داگیرکردنی ئێرلندە چونکە رزگارتان نابێت لەژێر دەستەیی بۆرژواکانی خۆتان تا ئێرلندە رزگاری نەبێت .
ئایا ئەو رستەیەی نوسەر هەر هەمان ئەم دەقەی مارکس نیە کەلەباتی کرێکارانی ئنگلیز ناوی کرێکارانی عیراق و سوریاو تورکیا و ئێران دەبات و لەباتی ئێرلندەش ناوی کوردستانی بردوە ؟..
ئەم داواکاریەی نوسەر تەنیا بۆ ئەو مەبەستە نیە کە رەوایی رزگاربونی کوردستان بسەلمێنێت بەلکو بۆ ئەوەشە کەلەورێگەیەوە باش لەبردنی قورسایی داگیرکردنی کوردستان لە سەرشانی کرێکارانی ئەو وولاتانە خۆشیان رزگارکەن کە ئەو داگیرکردنە بۆتە تەوق و چۆتە ملیانەوە دەست و پێێی بەستووەند کردون ـ واتە لە بەرژەوەندی ئەو کرێکارانەی ئەو گەلانەشدایە .
لینین لە روون کردنەوەی ئەو سەرەتا مارکسیزمانەی کە مارکس داوای لە کرێکارانی ئینگلیز کردبوو رزگاربونیان لە داگیر کردنی ئێرلندە بەم شێوەیە رای خۆی دەردەبرێت و بەرگری لەو سەرەتایە دەکات ـ (( ئەم داوایەی مارکس بۆ جیابونەوەی ئێرلندە لە ئینگلستان لە روانگەی خەونی بۆرژوای بچوکەوە نەبووە، نەلی تەنیاش لەو روانگەیەوە بوو کە مافێکی رەوای ئێرلندەیە بەڵکو لە روانگەی بەرژەوەندی ئەو خەباتە شۆرشگێرانەیەی کە پرۆلیتاریای نەتەوەی زۆردار بەیێ هەڵدەستێت دژی سەرمایەداری ئینگلیز چونکە ئازادی ئەم نەتەوە زۆردارە بەستراوەتەوەو شێواوە لەبەر ئەوەی نەتەوەیەکی تر ئەچەوسێنێتەوە، ئەگەر پرۆلیتاریای ئینگلیز داوای جیابونەوەی ئێرلندە نەکات شریەسیەتەکەی بە درۆ دەمێنێتەوە ... )) لینین بزوتنەوەی رزگاری نیشتیمانی گەلانی رۆژهەلات ... لاپەرە ١٧٥ .
هەر بۆ سەلماندنی راکەی هاوڕێی نوسەرو دەرخستنی روی ئاشکرای دۆگماتیزی رەخنەگریش بە پێویستی دەزانم ئەم روون کردنەوەی تری لینین لەم مەسەلەیەدا بدەمەوە بە رووی کاکی رەخنە گرد!، هەندێکیش لەبەلەجون لەبابەتەکەشدا هەیە ..
(( بەلام بارەکە رەوتێکی تری بە خۆیەوە گرت دەرکەوت کە گەلی ئێرلندەو پرولیتاریای ئینگلستان هەردووکیان لاواز بوون، کێشەی ئێرلندە بوبوە بازاری سەوداکاری لە نێوان لیبرالیەکانی

ئینگلیزو بورژوای ئێرلەندەدا، کە ویستیان بەم شێوەیە چارەسەری بکەن لەرێی - چارەسەرکردنی کشتوکاڵ ( لەگەل تەعویەزدا )و ئۆتۆنۆمی ( کە ئێستا جێ بەجێ نەکراوە ) ئەمە چی دەگەیەنێت ؟ ئایا ئەمە ئەوە ئەگەیەنێت کە مارکس و ئەنگلز تۆبۆی بوون و داوکاری نەتەوایەتیان دادەرشت کە (( قابیلی جێ بەجێ کردن نەبوو ))؟ یان وورتە بۆرژوا نەتەوەییەکانی ئێرلەندە کاریان تێ یان کردبێت ... هتد ؟ .

نەخێر، لەچارەسەرکردنی مەسەلەی ئێرلەندەدا مارکس و ئەنگلز لەسەر سیاسەتێکی پرۆلیتاریانەی راستەقینە، سیاسەتێکی ئەڵقەداری پتەو تا کۆتایی ئەروێشتن کە ئەم سیاسەتە بوو توانای ئەوەی هەبوو کە نیو سەدە دواکەوتنی ئێرلەندە و ئینگلتەرە بگەرێنێتەوە ...

سیاسەتی مارکس و ئەنگلز لە کێشەی ئێرلەندەدا گەورەترین نمونەی دا بەدەستەوە کە تا ئێستاش بایەخی خۆی هەرماوەو سەنگێکی زۆری لەسەر رەوشت و رێبازی پرۆلیتاریا ماوە کە پێویستە ئەم رێبازە بگرێت سەبارەت بە بزوتنەوە نەتەوایەتییەکان ئەم سیاسەتەیان ئاگادەریەك بوو بۆ ئەو رایەی کەتەسك بینە هیچ و بوچەکان ئەریان دەبسری بە جیاوازی وولات و زمان و رەنگەکانییانەوە .

ئەگەر هەردوو پرۆلیتاریای ئێرلەندەو ئینگلیزی ئەم سیاسەتەی مارکس پەیرەو نەکەن و،جیابونەوەی ئێرلەندە نەکەن بە دروشمی خۆیان ئەوە نەگەیەنێ کە گەورەترین هەلپەرستن و،ئەرکە دیموکراتی و سۆشیالیزمیەکانی خۆیان لە یادکردوەو بەرشوۆرن بەرانبەر کۆنەپەرستی بۆرژوای ئینگلیز )) لینین - چەند سەرنجێکی رەخنەگرانە ل ١٤٤.

کاکی رەخنەگر ئەو بۆچون و سەرەتا مارکسیزمانەی بەدڵ نیەو رەخنە لە مارکس دەگرێت و بەراستی نازانێت و ئەو هەموو شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەو روون کردنەوەیەی لینین لەسەر ئەو مەسەلەیە (( کەلەبەر دەستی رەخنەگردایە )) هەموی بە نار است دەزانێت. تەنیا هەر لەبەر ئەوەی ئەو رایەی مارکس و ئەو بۆچونە مارکسیزمانەیە گشت نەتەوەکانی جیهان دەگرێتەوە لە ناویشیانا نەتەوەی کورد :.

جا سەیر لەوەدایە کەسانێك ئەمەندە ناخۆشەویستی گەل و نیشتمانەکەی و دژایەتی کرێکاران و بزوتنەوەی گەلەکەی بخاتە بارێکی وا تالەبارەوە کە سەرای گرتنەبەری رێگەی نابەجێ و نا شایستە سەرپێشی لێ تێك بدات و بەم شێوەیە مامەلە لەگەل مارکسیزمدا بکات،.

کاکی رەخنەگر سەرەرای ئەوکارە نائەمینانەیەی و ناوەژوو کردنەوەی مەبەستەکان و دارشتنی رستەو بۆچون، بەناوی نوسەرەوە پاش ئەمانەش کە هیچی بۆ ناسەلمێنێت و خۆشی قایل نیە بەو کردارانەی و دێت و دەلێت (( مارکس ئەم ووتەیەی لەسەرەمیکدا ووتوە کە دوو قۆناغی جیاواز لە ئینگلتەرەو ئێرلەندەدا هەبوو )) ئێمە ئەپرسین ئایا ئەم ووتەیەی مارکس و ئەم سەرەتا گرنگەچ پەیوەندیەکی بە سەر دوو قۆناغی جیاوازەوە هەیە ئەوەی

کرێکارانی نەتەوە دەسەڵاتدارەکان خۆتان رزگارکەن لە چەوساندنەوە و زۆرلێکردنی نەتەوە ژێر دەستەکان ئەمە قۆناغی بۆچی ئەگەر مارکسیزم بە واقعانە جێ بە جێ بکەن .
ئەی لە کاتێکدا لینین بە سۆشیالیستەکانی رووس دەڵێت ( ئەگەر سۆشیالیستەکانی رووس داوای جیابونەوەی فنلندە و پولونیا و ئۆکرانیا ..... هتد نەکەن ئەگەر ئەم سۆشیالیستانە داوای ئەو جیابونەوەیە نەکەن واتە ئەوانە پێ و شوێنی شۆڤینیستەکان دەگرن و بەدڵ فراوانیەوە خزمەتی بۆرژوا و ئیمپریالیزم دەکەن) ئایا هەر لەسەر رۆشنایی ئەو ووتەیەی مارکس ئەم ووتەیەی نەوتووە ؟ ( هەمووڵایەکیش چاك ئەو راستیە دەزانێت کە روسیای ئەوسا و فنلندە و پۆلۆنیا و ئۆکرانیا لە یەك قۆناغدا بوون وە هەرگیز لە دوو قۆناغی جیاوازدا نەبوون ) .
دامەزرێنەرانی مارکسیزم بە درێژایی ژیانیان هەمیشە لە خەباتدا بوون بۆ رزگاربونی نەتەوە زۆرلێکراوەکان و رزگاربونی کرێکارانی نەتەوەی سەردەست لە چەوساندنەوەی گەلانی ژێر دەست ئەگەر ئەم ووتەیەی مارکس پەیوەندی بە دوو قۆناغی جیاوازەوە هەبوایە هەرگیز نەئەو خەباتەیان بۆ نەئەکردو نە کۆنفرانسی ئومەمیەی یەکەم لە لندەن ئەم بڕیارە گرنگەشی ئەدا .
(( کونفرانس رای دەگەیەنێت کە داکۆکی دەکات لە مافی تەواوی گشت نەتەوەکان لە ئازادی بڕیاردانی چارەنوسیدا . وە پالپشتی خۆی دەردەبڕێت بەرامبەر کرێکارانی گشت وولاتێك کە بنالێنێ لە ژێر زۆرداریتی سەربازی یان نەتەوایەتی یان شتێکی تر ... )) لینین - چەند سەرنجێکی رەخنەگرانە لاپەرە ١٢٥ .
تەنانەت لینین بەگەرمی پێشوازی لە جیابونەوەی نەرویج دەکات لە سوید کە هەردوو نەتەوەو وولاتەکە لە یەك قۆناغدا بوون و لە ژێر سایەی یەك رژێمیشدا بوون و دەیکات بە نمونە بۆ ئەوەی پەیرەو بکرێت لەلایەن سۆشیالیستەکانی جیهانەوە و ریز لە هەڵوێستی سۆشیالیستەکانی سوید دەگرێت کە پشتگیری ئەو جیابونەوەیەیان کردووە .

(( تا ئێستا پێشەوامان هەر مارکسە، کە بەدەیان ساڵ لە ئینگلتەرە ژیاوە و بۆتە نیوە ئینگلیزێك سەرەرای ئەوەش داوای سەربەخۆیی نیشتمانی ئیرلەندەشی کردوە لە روانگەی بەرژەوەندی بزوتنەوەی کرێکارانی سۆشیالیستی ئینگلیزەوە )) لینین - بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانی گەلانی رۆژهەڵات لاپەرە ١٤٤ .
بەڵام بەرای رەخنەگر مارکسیزم هیچ پەیت و ووتە و بۆچونێکی بۆ کوردستان نەست نادات هەروەك کاتی خۆی هەر لێشێواوەکانی پولونیا وەك روزا لوکسومبورگ رووبەرووی لینین دەبونەوە دەیانوت مافی چارەنوسی نەتەوەکان قابلی جێ بە جێ بوون نیە نە لە ژێر سایەی سەرمایەداریدا و نە لەژێر سایەی سۆشیالیزمدا .
دەبێت رەخنەگر ئەو سەرەتا مارکسیزمانەی لە یاد کردبێت کە دەڵێت (( ئەو گەلەی گەلانی تر بچەوسێنێتەوە بە هیچ شێوەیەك خۆی سەربەست نیە )) لینین بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانی گەلانی رۆژهەڵات ل ١٤٢ .

ئایا مەبەستی ئاشیلکەکەش هەر هەمان بۆچونەکانی مارکس و ئەنگلزو لینین نیە ؟ ئایا ئەگەر کرێکارانی عەرەب و تورك و فارس خۆیان ڕزگار ئەکەن لە داگیرکردنی کوردستان ئەبێت مەبەستی ڕزگاریەکەیان لەچی دا بێت . ئەی ئەوە نیە لەبەر ئەم داگیرکردنە دەست و پێی کرێکارانی ئەو گەلانە لە کۆت و پێوەندایە ؟ ئەی ئەوە نیە مارکس و لینین پێمان ئەڵێن لەبەر ئەوەی کوردستانتان داگیرکردوە ئەو داگیرکردنە بۆتە تەوق و جۆتە ملتانەوە و ژێر دەستەی بۆرژوا و خزمەتکاری ئیمپریالیزمن، کرێکارانی کوردستان ناڵێن ئێمە کرێکارانی عەرەب و تورك و فارس ڕزگار ئەکەین بەڵکو پێتان ئەڵێن خەبات بکەن وەك مارکس و لینین ئاموژگاریتان ئەکەن بۆ ڕزگاری کوردستان تا ئەبنە خزمەتچی ڕژێمە سەرمایەدارە داگیرکەرەکان چونکە ڕزگاری کوردستان لە بەرژەوەندی بزوتنەوە سۆشیالستەکەی خۆتان دایە .
لە مەسەلەی خەباتی گەلانی ناوچەکەداو بزوتنەوە دیموکراتیەکەیاندا کاکی ڕەخنەگر پاکانە بۆ ئەو سستی خەوە قولەیان ئەکات لە لایەك کە ئەڵێت شۆڕشی چەکدارانە تاکە پێوەر نیە بۆ خەباتی شۆڕشگێرانەو شۆڕشی گەلی کوردستانیش ئەوە ناگەیەنێت کە هەر ئەو گەلە لە خەباتدایە . واتە مەبەستی بڵێت شۆڕشەکەی کوردستان و خامۆشیەکەی ئەو گەلانە هاوسەنگن وەك یەك وایە واتە ئەی گەلی کوردستان ئێوەش وەك ئەوانن، خەباتە چەکدارەکەتان بایەخێکی ئەوتۆی نیەو هەر وەك بێ دەنگی و خامۆشی و کپیەکەی ئەوانە ، لە لایەکی تریشەوە ئەڵێت (چاوەروان بن ئەو گەلانە بە سەرکردایەتی پارتە ریفۆرمیستەکانیان هەڵدەستن و ڕادەپەڕن و بەلام پەلەیان لێ ئەکەین ئەمجا ئیت لەو هەموو بێن گرتنەوە یەکسەر ڕادەوەستێت و پەشیمان ئەبێتەوەو دانیەوەدا ئەنێت کە سست و خامۆشن بەلام بەخەتای ئێمەی ئەداتە قەڵەم ئەڵێت ئەبێت خەڵە لێك لە گەلی کوردستان و ڕێکخراوە مارکسیزمەکانی کوردستاندا هەبێت بۆیە ئەوان واڵەو خەوە قوڵە بە ئاگا نایەنەوە ...

ئێمەش ئەڵێین بەڵێ ڕاستە شۆڕشی چەکدارانە تاکە پێوەری خەبات نیە بەلام بەرزترین شێوەو پلەی خەباتە کە پتر لە سێ چارکە سەدە ئەم خەباتی چەکدارانە بوە بە شێوازو شێوەی سەرەکی خەبات لە کوردستاندا و پێ بە پێ لەگەڵ جۆرو شێوەکانی تری خەباتدا . لە کاتێکدا لەم دەورو پشتەماندا جگە لە هەندێك پرتەو بۆڵەو تەق و تۆقی بێ سەرو پێ و دوور لە جەماوەرو بێ سەرکردایەتیەکی زانستانەو بێ پێشرەوی ڕاستەقینە و بێ پلان و نەخشەیەکی گونجاو ئێستاش لەم کاتەدا هەموو پەناگەیەکیان هەر شۆڕشی ڕزگاری خوازی گەلی کوردستانەو گۆڕەپانەکەیان گواستەوە بۆ ئەوێ،کە ئەمە سەلماندنێکی تری بایەخ و گرنگی کوردستانە لەم ڕوەوە کە هەموو ڕوداوەکان ئەوە ئەسەلمێنن هەر وەك چۆن لە هەردوو کوردستانی بەشی ئێران و عیراق کە هەر وەك ڕەخنەگر پاش ڕەش کردنەوەی چەند لاپەرەیەك بە ئاوەژووکردنەوەی بۆچونەکانی هاوڕێی نوسەرو پەیرەوکردنی کاری

ناتوانێت لە تێکەڵ و پێکەڵ کردنی رستەکانی و لە پچڕاندنی وشەو رستە دەرهێنان و دارشتنی بۆچوون بە ناوییەوە هەروا خۆشی دێتە سەر ئەو رایەی نوسەرو دەڵێت (( راستە شێوەی خەباتی چەکدارانەی ئەمڕۆ لە کوردستانی بەشی عیراق و ئێراندا بۆتە شێوەیەکی سەرەکی و بۆتە بنکە بۆ گەلانی ئێران لە کوردستانی ئێراندا و بۆتە بنکە بۆ گەلانی عیراق لە کوردستانی عیراقدا، واتە کوردستان تاکە بنکەی دیموکراتی و شۆڕشگێڕییە لەم سەردەمە مێژووییەی ئەمڕۆماندا .

ئێمە بە چاوێکی رێزو ئەوازشەوە دەروانینە گەلان و بزوتنەوە کانیان و، خەباتیان دەبێتە پاڵپشتی گەورە بۆ گەلەکەمان و گشت ناوچەکە و خۆشیان رزگار دەکەن، لە داگیرکردنی کوردستان .

بەلام بەرامبەر ئەو واقعە ئاڵەیان نابێت چاوبنوقێنین و بزوتنەوەو خەباتە کلێپەدارەکەی گەلەکەشمان بێ بایەخ کەین و بەکەمی بگرین، هەر وەك رەخنەگر لە سەرەتاوە ئەم رێگەیەی گرتوە لەبەر ئەوەی کە بڕوای بە یەکێتی خاك و گەلی کوردستان نیە .

ئەی ئەوە نیە کوردستان ئاوەلا کراوە بۆ هەموو تێکۆشەرانی عەرەب و تورك و فارس و ئازەرو بە هەموو توانایەکەوە داوایان لێ دەکرێت کە شۆڕشەکە بپێتە شۆڕشی هەموو گەلانی ناوچەکە، ئەی بە هەموو توانایەك داوا ناکرێت لە لایەن رێکخراوە مارکسیزمەکانی کوردستانەوە کە کوردستان بکرێتە کۆبەندی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەو دیموکراتی گەورەو فراوانی ناوچەکە ؟

ئێمە لە رەخنەگر دەپرسین خەڵەکە لە ئێمەدایە، یان لە ئەڵقە بەناو مارکسیزمەکانی ئەوان دایە کە لە کەناری رووداوەکانەوە خۆیان مەلاس داوە ؟

هەروەك چۆن کاکی رەخنەگر پەشیمان بوتەوە لەوەی کە لەسەرەتای ئەم باسەیدا کە لێت کوردستان تاکە بنکە، نیەو دوایی کە لێت هەر ئەو کوردستانە بۆتە بنکە بۆ گەلانی عیراق و ئێران ئەی کە بنکەی کاریگەری ناوچەکە بێت، بۆچی هەر وەك مارکس و ئەنگلز پەیمانیان دا بە بنکە دیموکراسیەکەی پۆلۆنیا ئێستاش ئێمەو گەلانی تراوسێ ئەو بایەخە نەدەین بە کوردستان و قورسایی و هەنگی شۆڕشگێڕانەی نەخەینە سەر بۆ رزگاربونی ناوچەکەو سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراتی و بەدەست هێنانی ئەرك و پێداویستە دیموکراتیەکانی کوردستانیش ؟ .

بەلام کاکی رەخنەگر کە ناتوانێت لە ئاشتی واقعی بنکە ئەڵێوە کاریگەریەکەی کوردستاندا چاو بنوقێنێت و لەبەر ئەوەشی کە بڕوای بە سەربەخۆیی و یەکێتی گەل و خاکی کوردستان نیەو زۆر دڵگرانە لەوەی کە کوردستان ئەم بایەخەی پێ بدرێت و هەر دوا بە دوای ئەو دان پیانانە ناچاریەیدا دە لێت (( بەلام مانای وا نیە کوردستان تا سەر ئەو بنکەیە دەبێت و شوێنەکەی ناگوێزرێتەوە ) . دوگماتیزمی و ریفینیەتی وای لی کردوە بیە ئاواتەوە بێت بۆ کپ و خامۆش بوونی ئەو بنکەیەو بگوێزرێتەوە بۆ شوێنێکی تر تەنها بۆ ئەوەی بۆچونەکەی بەڵێنی و خەونی

لوباویەکانی بهێنە دی .
بەڵام بە پێچەوانەی بیری تەوباوییانەی ئەوەوە چەند راستیەکی بابەتی هەن، کەلە فاکتەرە بابەتی و زاتیەکانی بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستاندا کۆبونەتەوە، پەیوەندیەکی دیالکتیکی توندو تۆڵیان پێکەوە هەیە بونەتە هۆی بون و دریژەپێدانی ئەو بنکەیەو ئەو خەباتە دریژخایەنەی گەلەکەمان هەر وەك چۆن ماوەی سەدەیەکە هەر لە کڵپەو بڵێسەدایە داچون و خامۆش بونی کەم بوەو هەڵچون و بڵێسەی زۆر بوە تا سەرکەوتن و کۆتایی هێنان بەم قۆناغەی ئیستاو پێ نانە قۆناغی داهاتوو کە ناکۆکی ریزبوونی چینایەتی لە جێ گورکێ و ئاڵ و گۆڕدا دەبینێت .

١) باری نا لەبارو تاڵی گەلی کوردستان و داگیرکردنی نیشتمانەکەی و نەسەلماندنی مافی چارەنوس و چەوساندنەوەی توندو تیژی نەتەوایەتی و چینایەتی .
٢) شێوەو روخسارو سروشتی چینایەتی رژێمە داگیرکەرەکان .
٣) پەیدابوون و لەدایك بونی رێکخراوە مارکسیزمەکانی کوردستان و پێشرەوایەتیان بۆ بزوتنەوەکەو تەشەنە کردن و بلاوبونەوەی بیروباوەری م . ل لە ناو کۆمەلانی خەلکدا .
٤) دەرچونی خەباتی چەکدارانە لە چوارچێوەیەکی تەسکی ناوچەییدا و سەپاندنی خۆی وەك بزوتنەوەی گەلێکی گەورە لەسەر ئاستی ناوچەکە .
٥) واقعی بوونی یەك گەل و یەك بزوتنەوەو یەك کێشەی نەتەوایەتی
٦) موقعی جوگرافیای کوردستان .
٧) ریسوا بونی بۆرژوای کوردو دەرەبەگ و دەستەو چینە کۆنە پەرستەکان و گەلێك فاکتەری تریش .

کاکی رەخنەگر هەربۆ دژایەتی کردنی پارتی پێشرەوی چینی کریکاری کوردستان و نەبونی بروای بە بزوتنەوە رزگاری خوازیە دیموکراتیەکەی گەلەکەمان خۆی توشی گێژاوێکی سەیر کردوەو سەرەتا زانستیەکانیشی لێ شاوەژوو بۆتەوە کە دەلێت (( حیزبی پێشرەو مەرج نیە بۆ سەرکردایەتی کردنی خەباتی گەلان و بەرپا کردنی شۆرش و راپەرینەکان )) .
بەلێ راستە بەبێ حیزبی پێشرەو راپەرین و عەفەویەتی جەماوەر لە هەڵچون و کەف و کولدایە و شۆرش و راپەرین بەرپا دەبێت .
بەلام ئایا بەبێ سەرکردایەتیەکی راستەقینەی حیزبێکی راستەقینە ئەو راپەرین و کەف و کوڵ و عەفەویەتەی جەماوەر چی لێ دێت بۆ کوێ دەچێت ؟ .
راپەرین و هەڵچونە قارەمانەکانی گەلانی ئێران چارەنوسی بەچی گەیشت ؟ شۆرشەکانی پێشوی کورد شۆرشی چواردە ساڵەی ئەیلول بەچی شکایەوە و بەچی گەیشتن ؟ چەندهای تریش لەم نمونانە کەلە ئاستی نەبونی حیزبێکی پێشرەوی راستەقینەو لێوەشاوە و لە دایك بووی ناو هەناوی کۆمەل و، کەلە ئەنجامی ئازارو ئەشکەنجەی رەنجەران و پێداویستەکانی کۆمەلەوە هاتبێتە کایەوە حیزبێکی قالبوی خەباتی شۆرشگیرانەی جەماوەرانە لە ئاستی نەبونی

حیزبێکی وادا چەندەها شۆرش و ڕاپەڕینی گەلان بەو دەردانە چوون و ئەو چارەنوسە ڕەشەیان بە خۆوە دی .

هەر ئەم بۆچوونە چەوتەش خستویەتیە هەڵەیەکی گەورەی ترەوە کە حیزبی بەلشەفیکی لینین و ڕیفۆرمیستەکان لەیەك ئاستدا دابنێت و بەیەك ترازوو بیانکێشێت و هاوسەنگ و بەرامبەریان بکات و بەیەکیان بچوێنێت و شوێنێکی وەهایە کە وەك چۆن پارتەکەی لینین لەسەرەتادا کەمایەتی بوون و لە ئەنجامی ڕێبازی ڕاست و هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەی گونجاویان توانیان پەرە بسێنن و ئەو وەرچەرخاندنە گەورەیە لە مێژوودا بەدەست بهێنن - هیواشی وەهایە ڕیفۆرمیستەکانی ناوچەکە بەم هەموو بارە هەڵە و لادان و بیرو بۆچوونە چەوتانەوە هەر هەمان ڕۆڵی گەورەیان لێ چاوەڕوان بکرێت . نەبوونی هەڵسەنگاندنی ڕاست و خەیاڵاتی بورژوازیانەو دۆگماتیزمی بەر لە کەسانی وەك ئەم ڕەخنەگرە ئەشێوێنن کە بکەونە هەڵەی وا گەورەو گرانەوە و سەریان لە هیچ بارودۆخێك دەرنەچێت و بە پێچەوانەوە هەموو سەرەتاکان تێ بگەن کە لەبە سەرەتای ئەم ئامێلکەیەوە پەیڕەوی کردوە و ئەو ڕێگەیە پەرەنەدات .

سەرەڕای ئەمانەش هێشتا دێت و ئەڵێت (( بێگومان ڕێکخراوێك یا ئیستاش زۆر بێ هێزبێت یان ووجودی نەبێت ئەتوانێ ببێتە پێشڕەوو پێشڕەوایەتی بکات بڕوا نەبوون و نکوڵی کردن لەمە تێ نەگەیشتن و بڕوا نەبوونە بە دیالکتیك )) ئەمەش پێچەوانەی وتەکەی لینینی مەزنە کە ئەڵێ ( دراسەی ناکۆکیەکان لەناو جەرگەی هەناوی شتەکاندایە )) واتە دراسەی ناکۆکیەکان لە واقعدا وەك ئەیە نەك بەو جۆرەی ڕەخنەگر ئەڵێ .

کوا ئەو ڕێکخراوە بێ هێزە ، لە کوێیە ، کوا نوێزەی ، کوا دەنگییە ، سەنگی ئەگەر ئیستا لەم بارە دژوارو لەم هەڵچوون و پەیکدانانەی ئەم ناوچەیەدا و لەناو ئەم هەموو ناکۆکی و ڕووداوانەدا کە ساڵەهای ساڵە لە ئارادایەو لەناو ئەم هەموو ئەبوڵە بەئێمە کلیەدارەدا هەستە بە بوونی نەکرێت و هەر بەلوازی مابێتەوە نەك پێشڕەوایەتی کردن کەی ئیتەپێش و بەپێدانەوە . ئاخۆ لە پەنایەکدا خۆی شارنیتەوەو لە دزێی کەلێنێکەوە سەیری ڕووداوەکان ئەکات ڕووی خۆ نیشاندانی نییەو یان لە پەراوێزو کەناری ڕووداوەکانەوە نوقمی تەپوتۆز بووە ؟ .

ڕێکخراوی دروست کراو و ئاشراویش سەقەت و بێ کەڵك و ناکامڵ و بێ توانا ئەبێ و هەر وەك ڕیفۆرمیستە تەمەن دریژو بیرو پەیڤ و وتەو قسەکان لە کەناری ڕووداوەکانەوە ئەگیرسێنەوە .

لەدایك بوونێکی ناوزانی کۆمەڵ و ئازارو ئەشکەنجەو هەڵدێرانی ڕەنجدەران و پێداویستیەکانی قوناغەکان و ئەرکەکان لەدایکبوون بوونێکی ڕاستەقینەو لەدایك بوونێکی ئاسایی و سروشتیە .

کۆمەڵی کوردستان ئاوس بوو بە ڕێکخراوێکی وەها و لە دایك بوونێکی ڕاستەقینەی ئاسایی ، ئێمەش لە وەڵامدا ئەوەی ڕەخنەگر دا ئەڵێین بڕوا بوون بەو بۆچوونەی سەرەوەی تێ نەگەیشتنە لە دیالکتیك و مارکسیزم و گشت سەرەتایەکی زانست .

کاکی رەخنەگر لە نامیلکەکەیدا بۆچونێکی سەرەکی هەیە کە لە
بەکەم ووشەیەوە تا کۆتایی نامیلکەکەی هەموو بۆچوون و راو
بیرەکانی بۆ ئەو بۆچونە سەرەکیە تەرخان کردوە . کە ئەویش
خاوکردنەوەو ووزەبەردانی جەماوەرو تێکۆشەرانە کە لە ناو
لاپەرەکانی ئەم نامیلکەیەدا هەولێکی بێ پەروا دەدات بۆ
بروانەبوون بە بزوتنەوەی مێژووکردی بابەتی گەلی کوردستان و
رێکخراوە مارکسیستەکانی . رای وایە نابێت کوردستان خاوەنی
بزوتنەوەی تایبەتی خۆی بێت و دەبەوێت بتوێتەوە لە ناو گەلانی
ناوچەکەدا وەك لە لاپەرە (١٥)ی ئەو نامیلکەیەدا رێ نمایی
جەماوەرو تێکۆشەرانی گەلەکەمان دەکات (( کە لێرەدا یەکانگیرە
لەگەل هەول و کۆششی بۆرژواکانی نەتەوەی دەسەلاتدارو ریفۆرمیستە
بیرو پەلە کەوتەکان )) هەروەك بزوتنەوەی مێژووکردی کرێکاران و
گەلان بە شارەزوی کەسان و تاقم و رێکخراوەکان بن .
کاکی رەخنەگر کە پێویست بوو وەك هاورێی نوسەرو هەمو تێکۆشەرو
رۆشنبیرێکی ئەم میللەتە رێگای راست و بابەتیانە بگرێت و رێ و
شوێن و رێبازی راست بۆ گەلەکەی دەست نیشان بکات لەباتی

ئەمانە بە داخەوە دیت و ئەم رێگایە وون دەکات و داوای
تواندنەوەمان لێ دەکات ..
رەخنەگر بروای بەیەك بونی گەل و خاکی کوردستان و مافی چارە
نووس نیە .
هەروەها بروای بە گۆرینی واقعی تال و پارچەپارچە کردنی
نیشتمانەکەمان نیەو دەبێت بەرشۆرو قایل بین بەو واقعە تالەی
ئە کوردستان و گەلەکەی تێدایە ئەمە واقعێکی بابەتیەو لە سەر
شارەزوەکانەوەیەو نابێت دەستکاری بکرێت وەك خۆی دەلێت
((بەلام بەداخەوە ئەو هەموو تەقەلاو گیانبازی و هەولانە نەیان
توانیوە داخوازی گەلێك بهێننە دی و کوردستان پێکەوە بەیەکتری
گرێ بدەنەوە و کرێکاران و رەنجدەرانیش لەو چەنجالیە سەر
نێشەیەی لە پارچەکردنی کوردستاندا توشی هاتون رزگار بێت )) .
واتە بەرای ئەو ئیتر دەبێت گەلی کوردستان و تێکۆشەرە
شۆرشگێرەکان لە ئەنجامی شکستی شۆرشەکانی پێشوی رێکخراوەکانی
وازبهێنن و دەستەو ئەژنۆ دانیشن و خۆیان بدەنە دەست قەدەرو
وەپشومەی زەمانە . یان وەك خۆی فەرمان دەکات کوێرە رێگای
تواندنەوەی بزوتنەوەکەو رێکخراوە مارکسیستەکانی کوردستان
بگرینە بەرو لە ژێر سەرکردایەتی ریفۆرمیستەکاندا .
وەك چۆن خۆی ووزەی بەرداوە ئاواش گەلەکەمان ووزەبەر بدات
چونکە بەرای ئەو هەموو تەقەلاو گیانبازیەی نەیتوانیوەو
ناتوانێت هیچ لە شاردا بگۆرێت، کەواتە با دەستەو ئەژنۆ
دانیشین بروا بهێنین بەو (( واقعەی ئێستا کوردستانی تێدایە
کە واقعێکی بابەتیەو لەسەرو شارەزوەکانەوەیە )) .
رەخنەگر دەلێت واقعی دابەش و داگیرکردنی کوردستان و
چەوساندنەوەی گەلەکەی و بە مرۆڤ نەزانینی واقعێکی بابەتیەو
لەسەرو شارەزوەکانەوەیە و نابێت دەستکاری بکرێت بەلام
واقعی بونی بزوتنەوەی رزگاری خوازی مێژوو کردو بابەتی گەلەکە

مان سابەتی نیەو لەسەر شارەزووەکانیشی نیە و دەبێت هەوڵ و تەقەلاو گیانبازی بکەین بۆ ئەهێشتنی و سڕینەوەی واقعی لە دلێك بوونێکی سروشتی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان و پارتــی پێشڕەوە چینی کرێکاری کوردستان سابەتی نیەو پێویستە خۆمـان لەو چەلەبە لادەین ..

ئەی ئەگەر ئەمە دۆگماتیزمی و تێنەگەیشتن لە مارکسیزم نەبێت چاتری ناو دەنرێت ؟ ئەی ئەگەر ئەمە زڵەی بیری هەلپەرستانەی بۆرژوای بچوك نەبێت چی تری پێ دەوترێت ؟

ئایا دەبێت مرۆڤ لە پووچەڵان و زێر کەوتنێکدا ووره بەربدات ؟ ئایا دەبێت مروف قایل بێت بەو واقعە تاڵەی تێدایەتی ئایــا دەبوایە مروڤایەتی قایل بوایە بەو واقعە بابەتیەی کۆمەڵگاکانی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی بەو بیانوەی کە واقعی بابەتیــن و لەسەر شارەزووەکانەوە بوون ؟ ئایا دەبێت کرێکاران و رەنجدەران لە ئاستی چەوساندنەوەی توندو تیژی سەرمایەداری ژیانی کولــــە مەرگیدا بێ دەنگ بن ؟ یان کارو ئەرکی مرۆڤ و تیۆرە زانستەکان گۆڕینی ئەو واقعە تاڵە بارە بابەتیانەیە بەرەو باشتــــــــــر پێشکەوتوتر بە خەبات و کۆڵنەدان و گیانبازی بەردەوام ئایــا واقعی پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەر واقعێکی بابەتی نەبوو ئایا واقعی داگیرکردنی ڤێتنام وەك داگیرکردنی کوردستان واقعێکی بابەتــی نەبوو ؟ .

بەپێی باوەڕی بۆچوونی کاکی رەخنەگر نەدەبوا روسیا ببوایــە یەکێتی سۆڤیەت و نە ڤیتنام رزگار بوایە و یەکی بگرتایەوە و نەهەنگاویشی بنایە رووەو سۆشیالیزم و نە هیچ گەلێکیش بـە مافە رەواکانی خۆی بگەیشتایە و گەشەی بکات رووەو سۆشیالیــزم و مرۆڤایەتیش یەك هەنگاو بەرەو پێشەوە نەرۆیشتایە . چونکــــە ئاسێت یاخی بن لە واقعی بابەتی .

رەخنەگر لەباتی ئەوەی وەك رۆشنبیرێکی تێکۆشەری ئەم گەلــە دەست نیشانی هۆکانی سەرنەکەوتن و گلانی بزوتنەوەکەی بکردایــە بەهێزەیەکی زانستانە کە هۆ هەرەسەرەکیەکەی نەبوونی پارتێکــی پێشڕەوی چینی کرێکار بوو لەباتی ئەوەی لەو تاقی کردنەوە زۆر زەبەندانە پەندو دەرسی لێ وەربگرتایەو خەلەلەکانی کیــــــاری بکردایەو رۆلی پوون کردنەوەو ووریاندن و رابەراندنــــی جەماوەری بگرتایە لە رێی سەرکردایەتی رێکخستنی کرێکــــاری کوردستانیەکەیدا دێت و دەڵێت (( کێشەی گەلەکەمان خەســـووری ناهۆمێدیەو باشتر داینیشین و خۆمان بدەینە دەست گیـــبزاوی زەمانــــە )) .

کاکی رەخنەگر لە ئاستی ئەو هەموو خاسیەتە زۆرانـــــــــەی کوردستاندا و لە ئاستی ئەو بارو دۆخە نابەتیـــەی کە لـــە ئاستی کەی نوەردا دەست نیشان کراوە نەك هەر چاوی نوقاندوە

و بەڵکو نۆ ریشی هەوڵ داوە کە هەر توخنیشی نەکەوێت و بەربەی بەسەردا داوە بەلام هەرچەند دەکات لە ئاستی سەختی واقعــدا و لە ئاستی دوژمنایەتی کردنی بزوتنەوەی گەلەکەمـــــان و کوردستانێتی بووندا خۆی پێ ناگیرێت و پاو بۆچوونێکی ئەمە نیــە

سەیروسەمەرە دێنێتەکایەوە کە هەرگیز لە مێشك و دەروونی هیچ مرۆڤێکی خاوەن بیری پێشکەوتنخوازەوە هەڵناقولێت چ جای هەڵگری بیروباوەری مارکسیزم .

کاکی رەخنەگر بڕوای بە خاسیەتیە تایبەتیەکان و بارو دۆخ و قۆناغەکان نیەو دەڵێت ئەوی باوەری بەم هتانە هەبێت سەرلێشێوا و سەرلێ تێکچووە ئەوەتا لە لاپەرە (٢٢) ی نامیلکەکەیدا دەڵێت (( زروفی تایبەتی کوردستان خاسیەتی تایبەتی کێشەی لێك شالاو پەیوەندی توندو تۆڵ ..... هتد ئاپۆ سەرمان لێ بشێوێنن))

ئەگەر زروفی تایبەتی و خاسیەتی تایبەتی بایەخی نەبوایە هەموو گەلان یەك پلان و یەك تاکتیك و یەك پارتی سەرانسەری جیهانیان هەبوایەو هەموو خەبات و تێکۆشانیان بریتی بوایە لە لاسایی کردنەوەی یەکتر کە ئەمەش پێچەوانەی بۆچوونەکانی لینینە لەسەر رزگاری نیشتمانی گەلان کە لە کۆنگرەی دووەمی شومەمیەتی سێ یەمدا سەلماندویەتی .

بە بۆچوونی رەخنەگر دەبوایە گەلی چین و ڤێتنام و کۆبا و .... هتد لاسایی گەلانی روسیای بکردایەوەو کت و مت هەمان تاکتیك و پلانیان بنەخشاندایە لە شۆرشە درێژخایەنە سەرکەوتوەکەیاندا ، کە هەرگیز ئەگەر رایان بکردایە ئەو سەرکەوتنە مەزنەیان بەدەست نەدەهێنا .

ئەم رایەی کاکی رەخنەگر رایەکە پێچەوانەی هەموو زانست و تاقی کردنەوەی گەلان و گشت هەرەتایەکی زانستە نەك هەر دووری تامۆیە بەڵکو پێچەوانەو دژی (م . ل) یشە .

(( هەرکەسێك بیەوێ هەر کێشەیەکی کۆمەلایەتی شی بکاتەوە مارکسیزم دەیەوێ بەسەریدا کە ئەو کێشەیە بخاتە سنووردایەکی مێژوویی دیاریکراوەوە هەروەك دەبێ کات بەمەرج بەسەریدا کە ئەگەر ئەو بابەتە سەبارەت بە وولاتێك بوو (( وەك سەبارەت بەبەرنامە نەتەوایەتیەکەی ئەم وولاتە )) دەبێت تایبەتی بەلگەدارەکانی ئەو وولاتە رەچاو بکات و جودای بکاتەوە لە وولاتێکی تر)) لینین بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانی گەلانی رۆژهەلات ل ١٩٩ .

لینین لە ووتارێکیدا کە ئامۆژگاری رێکخراوە کۆمۆنیستەکانی رۆژهەلات دەکات زۆر بە پێچەوانەی کاکی رەخنەگرەوە پێیان دەڵێت (( لەم بوارەدا ئەرکێك رووبەرووتان دەبێتەوە کە لە پێشووبەر رووبەرووی کۆمۆنیستەکانی جیهان نەبۆتەوە پێویستە لەسەرتان لە هەردوو رووی تیۆرو کردارەوە پشت ببەستن بە سەرتاگشتیەکانی کۆمۆنیزم و بارە تایبەتیەکەی خۆتان رەچاو بکەن کە جودایە لەگەل ئەو باروودۆخەی ئەوروپادا .. )) لینین بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانی گەلانی رۆژهەلات ل ٣٦٤.

ئێمە لە رەخنەگر دەپرسین ئەم بۆچوونە سەیرەی لە کوێ هەڵهێنجاوە ؟ ئەمەکەی گونجاو جوتە لەگەڵ بۆچوونی مارکسیزمانە ؟ ئەمە تەنیا جوت و یەکانگیرە لەگەل بۆچوون و رای ئەو ریفۆرمیستانەی کە نیو سەدەیە سەریان لە خۆیان و گەلانی ناوچەکە شێواندو بەوەردەیان برد کە ئێستاش پێوەی دەناڵێنن .

یان بەرای رەخنەگر ئەمەش بۆ ئەو کات و سەردەمەی لینین ووتراوە

و ئێستا بایەخی نیەو ئەگەر تۆزێکیش بایەخی مابێت ئەوا کوردستان ناگرێتەوە .

بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستان بزوتنەوەیەکی بابەتی مێژووکردەو دەست کردی هیچ کەس و تاقم و پارت و ریکخراوێك نیە و لەسەرو ئارەزووەکانەوەیە ، لە ئاستی داگیرو دابەش کردنی کوردستان و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و چینایەتی کە لەکەیەوە هاتۆتە کایەوەو سەری هەڵداوە و ریبازو رەوتی مێژووانەی خۆی هەیەو خاوەنی کۆمەلێك خاسیەت و تایبەتی بابەتیەکانی خۆیەتی تەنیا یەك سەدەیە بە شێوەیەکی نوێ تر خۆی سەپاندوە بەسەر ناوچەکەداو رووداوەکانی داوبە تایبەتی دوای بلاوبوونەوەی بیروباوەری دیموکراسی و سۆشیالیزم و سەدەی رزگاری گەلان و هەرەس هێنانی کولونیالیزم و سەرمایەداری .

هەموو پێداویستەکانی بون و مانەوەی بزوتنەوەکەش لە هەناوی خۆیەتی و قابلی لەناوچوون و نەمان نیە تا سەرکەوتن بەدەست نەهێنێت و کۆتایی بە قۆناغەکە نەیەت و ئەرك و پێداویستەکانی بەدەست نەیەت .

ئەگەر لە ماوەیەکی مێژوویی کورت دا خامۆشیەکی کاتی بەسەردا هاتبێت و کزو لاواز بوبێت کە ئاشکراو روونە لە ئەنجامی لادان و ناپاکی و چۆنایەتی و رەوتی چینایەتی سەرکردایەتی پارتە بۆرژوازیەکانەوە بووەو هەرەت و فێڵ و تیرۆرو زەبروزەنگی دوژمنان و باری ناهوشیاری و ناکاملی و لاوازی چینی کریکاری کوردستان و باری دواکەوتوویی کۆمەلایەتی کوردستانەوە بوە هێندەی نەخایاندوە بۆ جارێکی تر لە چەند لایەکەوە پەرەو کلپەی سەندۆتەوەو چەند شێوەیەکی جۆراو جۆری خەباتی بەخۆوە بیوە . لەبەر ئەوە گوێ نەدان و بەلاوەنانی ئەم بزوتنەوەیە بەگوێ نەدان و فەرامۆش کردنی رەوتی مێژوویی یاساکانی گەشەکردنی کۆمەلایەتیە بڕوانەبونیش پێی بڕوانەبونە بە زانست و یاساو مێژوو بڕوانەبونە بە مارکسیزم – لینینیزم .

فەرامۆش کردنی بزوتنەوەیەکی وا لەلایەن مارکسیستەکانی کوردستانەوە بەزیان ئەگەرێتەوە بۆ بزوتنەوەکە و گەلەکەی و سەرجەم بزوتنەوەی دیموکراتی گەلانی ناوچەکەو بزوتنەوەی گەشی کرێکاران و سۆشیالیزم لە جیهاندا .

هەر بۆیە لە ئاستی بزوتنەوەیەکی وادا ئەرکێکی گەورەو مێژوویی ئەکەوێتە سەر شانی رێکخراوە مارکسیستەکانی کوردستانە بایەخی تایبەتی پێ بدەن و سەرکردایەتی بکەن و تا بە رەوتی ئاسایی گەشەکردنی خۆیدا بڕوات و نەکەوێتە ژێر دەسەلات و رکێفی بۆرژوازو چینە داراو نەگەس کوردەکانەو توشی هەڵدێرو نوشوستی نەبێت .

ئەوی گومانی تێدا نیە ئەوەیە کە لەکاتێکدا بزوتنەوەی ئاوا لە ئارادا بێت ئەگەر هێشتا پارتی پێشرەوی چینی کرێکار لە دایك نەبوبێت پێداویستەکانی گەشەکردنی بزوتنەوەکەو سەرکردایەتی کردنی لەلایەن چینی کرێکارەوە فەرزی ئەکەن بەسەر کۆمەڵی بزوتنەوەکەدا بۆیە ئەبێت ئەو لەدایك بونە دوانەکەوێت .

بە پێچەوانەی ڕای زانستانەی کاکی ڕەخنەگرەوە کە نەیەوێت چ ڕێکخراوە مارکسیستەکانی کوردستان لەناو بزوتنەوەو ڕێکخراوی گەلانی ئێراوسێ دا بتوێنێتەوە کە تواندنەوە بەپتەو کردنی هاوخەباتی گەلان و کرێکاران دەزانێت بان ڕای وایە کە دەبێت ڕێکخراوو پارتی پێشڕەو لەسەر بنچینەی سیاسی دەست کردو قەوارەی سیاسی لەدایك بێت و بێتە کایەوە نەك لەسەر پێداویستەکانی گەشەکردنی کۆمەلایەتی و واقعی بونی بزوتنەوەکە لە هەناوی کۆمەلگاوە .

لینین پێشوازیەکی گەرم لە لەدایك بونی پارتی پێشڕەوی کرێکارانی پۆلونیا دەکات کە ئەوکاتە پارچەیەك لە پۆلونیا بەشێك بوو لە ئیمپراتوریەتی روسیا . ئەگەر لەدایك بونی ئەو پارتەی بەهەڵە بزانیایە نە ئەو پێشوازیە گەرمەی لێ ئەکردو، هەڵبەتەش بە دوور دێر لە نامیلکەو وتارێکیدا ڕەخنەیەکی لەسەر ئەو مەسەلەیە لێ ئەگرتن .

کە ئەوی زانراویشە لای هەموان لینین کاتێکی زۆری ژیانی خەریکی ڕەخنەگرتن و بەربەرچ دانەوەی بیروبۆچونە هەڵەکانی هاوڕێیانی پۆلونیا بوو تا پەیدا بونی ئەو پارتە .

بیان ڕەخنەگر داوا دەکات کە دەبێت ڕێکخراوی مارکسیست هەر خەریکی خەباتی چینایەتی بێت و بەدووربێت لە خەباتی نەتەوایەتی . کەبە ئێرەدا یەکانگیرو جوتە لەگەل مەنشەفیك و شابوری چی و هەندێك سەرلێ تێکچوی وەك هاوڕێیانی پۆلونیا بە تایبەتی روز الوکسومبورگ . کە ئەیانەویست چینی کرێکار دووربخەنەوە لە شۆڕشی دیموکراتی خەباتی سیاسی بەوبیانوە ناراست و هەڵەیەی کە خەباتی کرێکاران دەبێت لەڕێی مەبەستە چینایەتیەکانی تەنیا بۆ بەدی هێنانی داوا پیشەییەکان بێت .

هەروەك خەباتی نەتەوایەتی ئەرکێکی سەرەکی ئەمڕۆی بزوتنەوەی رزگاری نیشتمانی دیموکراتی گەلی کوردستان نەبێت هەر وەك خەباتی نەتەوایەتی خۆی لە خۆیدا خەباتێکی چینایەتی ئەم قۆناغە نەبێت . گوایە بەو بیانوە هەڵەیەی کە ئەگەر چینی کرێکار خەریکی خەباتی نەتەوایەتی شۆڕشی دیموکراتی بێت ئەرکە سەرەکیەکەی خۆی فەراموش دەکاتە وەك خەبات لەڕێی سۆشیالیزمدا پێش خەباتی سیاسی و نەتەوایەتی شۆڕشی دیموکراتی بێت .

بۆیە بە پێویستی دەزانم کە چەن بۆچون و دەقێکی لینین لەبەردەم کاکی ڕەخنەگردا دابنێم بۆ ئەوەی ئەوکەسانەی وەك ئەو بیربەدە کەنەوە بسەلمێنت کە بۆچونەکانیان شێواندنی مارکسیزم لینینزمەو لەمەڕ لێ تێکچون بەولاوە هیچی تر ناگەیەنێت .

(( مارکسیزم کرێکار وافێر ناکات دووربکەوێتەوە لە شۆڕشی بورجوازی و بێ موبالات بێ لێی و سەرکردایەتیەکەی بەجێ بهێڵێت بۆ بۆرژوا بەڵکو بە پێچەوانەوە فێری ئەوەی دەکات کە بە شێوەیەکی زۆر فراوان و چالاکانە بەشداری تێدا بکات و خەباتێکی

سەخت و توندو تیژ بکات بەرەو ئامانجی دیموکراتیانەی پرۆلیتاریانەی ڕێك و پێك بە مەبەستی بەرەو پێشەوە بردنی و گەیاندنی شۆڕشەکە بەدوا ئامانجی )) لینین هەڵبژاردەکان بەرگی

یەکەم .
لینین لە دەقێکی تردا بەو جۆرە کەسانەی وەک رەخنەگر بیر دەکەنەوە دەڵێت دەبێت چینی کرێکار هەر خەریکی خەباتی چینایەتی و شۆرشی سوشیالیزم بێت و نابێت سەرکردایەتی و پێشرەوایەتی شۆرشی رزگاری نیشتمانی دیموکراتی گەلەکەی بکات کە خەباتی نەتەوایەتی ئەرکە و مەبەستێکی سەرەکیەتی و خۆ خەریک کردن بەو خەباتەوە ئەرکە سەرەکیەکەی لە بیر دەچێتەوەو فەراموشی دەکات لینینی مەزن بەم شێوەیە بەرویاندا دەتەقێتەوە . -
(( بۆ وەڵام دانەوەی ئەو سەر لێ شێواوو شازاوە چپانە کە بەر پەرچ مان دەدەنەوە گوایە ئێمە شۆرشی سۆشیالیزم فەراموش دەکەین و دوای دەخەین ، دەڵێین ئێمە هەرگیز ئەو شۆرشە دواناخەین بەڵکە هەنگاوی یەکەم دەنێین بەرەو سوشیالیزم کە تاکە رێگای راست و لەبارە ، ئەویش بەرێگای شۆرشی دیموکراتیەوە ، بەدەست هێنانی کۆماری دیموکراتی ئەوی رێگایەکی تر بگرێت روەو سۆشیالیزم لەم رێگایە بەولاوە لەدەری دیموکراسی سیاسی ئەوا بێ گومان بەرەو سەر لێشێواوی کۆنەپەرستی دەچێت )) لینین - هەلبژاردەکیان بەرگی یەکەم . لینین هەر بەوجۆرە ریفۆرمیست و دۆگماتیستانە دەلێت (( کێشەی نەتەوایەتی دەبێت گشت کرێکارە هوشیارەکان تەرخان بکەن و بە شێوەیەکی هوشیارانەش چارەسەری بکەن )) لینین - مختارات جدیدە نصوص حول المسالە القومیە ل ٤٦ .
لینین لە ژیانی پرسەروەری و خەباتیدا توشی دووجۆر شابوری چی بۆ لە دووسەرەدەمی جیاوازدا لەگەل کومەلیک لادەرو خوارو خیچ کە لە مەنشەفیلە و سۆشیال شۆفینیزم سۆشیال ئیمپریالیزمەکاندا خۆیان دەنواند هەروەها توشی مارکسیستە سەر لی تێک چوەکانی پۆلۆنیا بۆ بوو بەتایبەتی روزا لوکسومبورگ کە زۆر جار لە راو بۆچونە هەلەو نار استەکانیدا یەکیان نەگرتەوە لە چەند بیرو باوەرێکی چەوتی لادەرانەدا .

١) مافی بریاردانی چارەنوس قابلی جێ بە جێ بون نیە نەلە سەرمایەداری و نەلە سۆشیالیزمدا .
٢) لەبەر ئەوەی کەنەتەوە ژێردەست و وولاتە داگیرکراوەکان پاشکۆی نەتەوە سەردەست و دەولەتە داگیرکەرەکانن مافی بریاردانی چارەنوس قابلی جێبەجێ بون نیە .
ئەم رایە زیاتر لە بیری تەسکی پۆلۆنیەکان روزالوکسومبورگەوە سەرچاوەی گرتبوو کە ئەوانە دژی سەربەخۆیی پۆلۆنیاش بوون کە دابەش کرابوو بەسەر سێ دەوڵەتی داگیرکەردا کە لینین بە توندی خەباتی دژیان بۆ ئەم هێنانیە سەر رێگای راست و راو بۆچونەکانی لینین بیان سەلماند و پارتی سەربەخۆی چینی کرێکاری پولونیایان پێک هێنا .
٣) چینی کرێکار دەبێت تەنیا خەباتی چینایەتی شابوری بکات و خۆی بە دوور بگرێت لە خەباتی سیاسی بە تایبەتی خەباتی سیاسی شۆرشی دیموکراتی .
کە ئێستاش رەخنەگرو هاوبیرەکانی بیرو بۆچونیان زۆر نزیکە لەوی سێ خالەی سەرەوە وەک لە نامیلکەکەیدا بە ئاشکرا دەری دەخات ،

لە دوتوێی ئەم ڕونکردنەوەیەماندا وەڵامی خالی یەکەممان داوەتەوە بە پشت بەستن بە چەند دەق و ڕستەو بۆچونێکی لینین .
بۆ وەلام دانەوەی خالی دووەمیش ئەم ڕستەیەی لینین لەبەردەم کاکی ڕەخنەگردا دانەنێین و هەموو ئەو کەسانەش کە وەك [illegible] دەکەنەوە ، هەروەك چۆن لینین لە وەلامی روزالوکسومبورگ و هاوبیرەکانیدا دای بە ڕویاندا (( پاشکۆیەتی ئابوری ئەواو بۆ دەسەلاتی سەرمایەداری ئیمپریالیزم لە وولاتە بۆرژوا دەولەمەندەکاندا شتێك نەبوو تایبەت بێت بە دەولەتە بچوکەکان بەلکو دەولەتێکی گەورەی وەك روسیاشی گرتبوەوە ، تەنیا دەولەتە بچوکەکانی بولکان کۆلۆنی ئەوروپا نەبون لە رووی ئابوریەوە بگرە ئەمریکا خۆشی لە سەدەی نۆزدەهەمدا پاشکۆ بوو وەك کارل مارکس لە سەرمایەدا - دەست نیشانی کردوە ، کە ئەمە هەمووی کاوتسکی چاکی دەزانێت و هەروەها هەموو مارکسیستیکیش ئەم راستیە بەباشی دەزانن ، بەلام ئێمە چیمانە بەسەر ئەمانەوە لە باس کردنی بزوتنەوە نەتەوایەتیەکان و دەولەتی نەتەوایەتیدا؟! )
لینین چەند سەرنجێکی رەخنەگرانە سەبارەت بە کێشەی نەتەوایەتی ل ٦٨ .
بۆ پەرچ دانەوەی خالی سێ یەمیش کە رەخنەگرو هاوبیرەکانی کە زۆر خۆیان پێوە بەستۆتەوە بە دوو دەقی لینین بەرپەرچیان دەدەینەوە - (( بۆرژوا دەیەوێت پرولیتاریا ئابلۆقە بدات و کەلەمەی بکات بە بیانوی کاری ئەقابیەوە و خەریك بونیان بەو کارەوە ، کە بەمە دەیەوێت بیری شۆرشی میللی روس لە بیر باتەوەو لێی بشاریتەوە لە ژێر پەردەی خەباتی چینایەتیدا - بەلام مارکسیزم بە پێچەوانەوە دەیەوێت گەشە بە خەباتی چینایەتی پرۆلیتاریا بدات تا بتوانێت بە رۆلی کاریگەرو سەرکردایەتی خۆی هەلسێت لە شورشی روسیدا )) لینین هەردوو تاکتیکی سوشیال دیموکرات .
ئەمجا لینین بۆ ئەوەی کرێکاران دەستەوێی بۆرژواکان لانەدران نەبن دێت و بەم شێوەیە ئامۆژگاریان دەکات - (( هەربۆیە پێویستە خۆت تەنیا لە چوارچێوەی خەباتی چینایەتیدا وەك تێنەگەیشتنێکی تەسك نەهێلیتەوەو لە ناویا خۆت وون نەکەیت بەلکو بە پێچەوانەوە پێویستە ئاسۆو چوارچێوەی ئەو خەباتە چینایەتیەن و ناوەڕۆکەکەی فراوان و بەپیت بکەیت بۆ ئەوەی بتوانیت نەك تەنیا هەمۆ ئەرکە دیموکراتیەکانی شۆرشی دیموکراتی و میللی روسیا جێبەجێ بکەیت بەلکو ئەرکەکانی شۆرشی داهاتوی سوشیالیزمیش )) لینین هەمان سەرچاوەی پێشوو .

لە کۆتایی نامیلکەکەیدا رەخنەگر بەچەند لاپەرەیەك رێ نمایی مارکسیستەکانی کوردستان دەکات کە سەرەتا چەند تعریف و ئەرکێکی پارتی پرولیتاریا دەکات و ئامانجەکانی دەست نیشان دەکات کە دەقی چەند رستەیەکی لینینی نوسیوەتەوە بە ناوی خۆیەوە بێ ئەوەی بۆچونێکی نوێی خۆی هێنابێتە کایەوە کە هیچ مرۆڤێکی مارکسیستی سەرەتایی نیە ئاشنا ئەو سەرەتا مارکسیزمانە نەبێت .
هەروەها رێ نیشان دان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی لە

بڕوانگەی چینی پرۆلیتاریاوە کە هیچ ناکۆك نیە لەگەڵ بۆچونەکانی هاوڕێی نوسەرو مارکسیستەکانی کوردستاندا سەرئەنجام لەگەڵ سەرتاپای نامیلکەکەیدا .

دوایی هەر لەسەر ڕێی نمایی کردنەکەی ئەڕوات .. ئەم خاڵانەی خوارەوەی لێ هەڵئەهێنجرێت :

١) ڕەخنەگر هەر بەردەوامە لەسەر وورە بەردان و نەفەس کورتی و بڕوانەبونی بە بزوتنەوەی گەلەکەی و داواش لە مارکسیستەکانی کوردستان ئەکات هەمان ڕێ بگرن .

٢) داوا ئەکات مارکسیستەکانی کوردستان لە حەماسەتی بۆرجوازیانە بەدوور بن و خۆشەویستی کوردو کوردستان نەکەن بە پایەگاو بنەمای هەموو بیروباوەڕەکانیان .

ئێمەش ئەڵێین ئەمە ڕاستەو هەروەك هاوڕێی نوسەریش سەلماندویەتی کە لەلاپەرە ( ) نامیلکەکەیدا ئەڵێت ( بە مەرجی بەرژەوەندی نەتەوایەتی نەکاتە بنچینەی ئەو بۆچونە بەڵکە بەرژەوەندی پرۆلیتاریاو بزوتنەوە شۆڕشگێرانەکە لە مەسەلەی نەتەوایەتی کوردستان و خاسیەتە تایبەتیەکانیدا بکاتە بنچینەی بۆچون و تەقەلای ڕێکخستنی کرێکارانی کوردستان ) .

بەلام ئێمەش داوا ئەکەین نابێت حەماسەتی بۆرجوازیانە یەکێکی وەك ڕەخنەگر بخاتە گێژاوێکەوە بەناوی بەرژەوەندی چینی کرێکارەوە . یەکەم – وورە بەربدات و بڕوای بەگەلەکەی و بزوتنەوەکەی و چینی کرێکارەکەی نەمێنێت . دووەم – ئەو حەماسەتە بۆرجوازیانەو ناخۆشەویستی بۆ کوردو کوردستان سەری لێ تێك ئەدات و قۆناغەکانی گەشەکردنی کۆمەلایەتی کوردستانی لێ تێك ئەدات .

بەڵێ ڕاستە ئەرکی سەرەکی و دوا ئامانجی چینی کرێکار دامەزراندنی کۆمەلگایەکی کۆمۆنیزمیە بەلام هیچ کۆمەڵێك بەبازناگاتە ئەو کۆمەلگایە تا بەچەند قۆناغیکدا تێ پەڕ نەبێت و ئەرك و پێداویستەکانی جێبەجێ نەکات . کە بریتی ئەو قۆناغەو جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی ڕێگە خۆشکەرو ئاسانکەرە بۆ گەیشتن بەو کۆمەلگایە و تا ئەو قۆناغەش بەخۆی و ئەرکەکانیەوە تەواو نەبێت مەحاڵە پێ بنێنە قۆناغی سۆشیالیزم و کۆمۆنیزمەوە .

(( سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراتی ڕێگە خۆشکەرو ئاسانکەرە بۆ هەڵسان بە خەباتێکی ڕاستەقینەی پتەو بۆ گەیشتن بە سۆشیالیزم )) لینین – هەڵبژاردەکان – بەرگی یەکەم .

بێ گومان – ئەو حەماسەتە نابێت وا لەکاکی ڕەخنەگر بکات و داوای ئەوە بکات بزوتنەوە هەڵچوو کڵپە سەندووەکەی گەلی کوردستان لەناو خامۆشی و کپی و بێ دەنگی گەلانی دراوسێدا بتوێنێتەوە بەناوی [illegible] هاوخەباتی و یەکیتی ڕیزەکانی چینی کرێکارەوە .

چوارەم – نابێت وا لە ڕەخنەگر بکات کە داوای ئەوە بکات ڕێکخراوە گەشەکردووە مارکسیستەکانی کوردستان لەناو ڕێکخستنە زۆر لاوازو بێ دەنگ و بێ جوڵەکانی دراوسێدا بتوێنێتەوە ، یان بیان توێنێتەوە لەناو ئەو ڕێکخراوانەی کە هێشتا وجودیشیان نیە هەروەك خۆی لە لاپەرە (١٥) ی نامیلکەکەیدا دانی پیا ناوە .

پێنجەم ـ ئەو حەماسەتە بەرجەزانەیە نابێت وای لێ بکات و بیخاتە ئەو هەڵدێرو کەندەلان ، وەکە دەڵێت نابێت (( مارکسیستەکانی کوردستان خەباتی نەتەوایەتی بکەن و بەڵکە ئەو ئەرکە بەجێی بهێڵرێت بۆ بۆرژوازیەکان )) کە ئەمە پێچەوانەی مارکسیزمە و هیچ ئیری بە سەریەوە نیە چونکە هیچ مارکسیستێک تا ئەمڕۆ بە ئەندازەی لینین خەباتی نەتەوایەتی نەکردوە و هیچ مارکسیستێکیش بە ئەندازەی ئەو دژی ئەو بیرووڕا چەوتانەی وەک کاکی رەخنەگرو کاوتسکی و منشفیک و سۆشیال شۆڤینیست و سۆشیال ئیمپریالیست و مارکسیستەکانی پۆلۆنیاو روزا لوکسمبورگ نەبووە .

٢) رەخنەگر سەرەرای ئەو هەموو روونکردنەوەیەی هاورێی نوسەرو ئەو هەموو رونکردنەوەیەی لینین سەبارەت بە بنکەی دیموکراسی ئێستا هەر سورە لەسەر راو بۆچونە هەڵەکانی خۆی و تێ نەگەیشتنی لە گرنگی ئەو بنکەیە . یان دژایەتی کردنی بزوتنەوەی رزگاری دیموکراتی کوردستان خستویەتە گێژاوی نەماوی و لێڵەوە کە بەسەر چاوی تاریکە کردوە ئەو راستیە گرنگە نابینێت و ئەو سەرەتا مارکسیزمانە بە پێچەوانەوە تێ بگات .

تا ئێستا لەو بایەخ دانە گرنگەی مارکس و ئەنگلس نەگەیشتووە کە بۆچی لەسەدەی پێشودا لە کاتێکدا کە پۆلۆنیا گەورەترین بنکەی شۆرشگێرانەی هەڵچوی ئەوروپا بوو کە سەرکەوتنی لیبە بەرژەوەندی بزوتنەوەی کرێکارانی ئەوروپا بو کە داوایان لە شۆرشگێرانی گشت ناوچەکە کرد قورسایی شۆرشگێرانەی خۆیان بخەنە سەر ئەو بنکەیە .

هەر لە روانگەی ئەو تێنەگەیشتنەوە بو هەڵوێست و سەرەتا مارکسیزمانەو تێ نەگەیشتنی بارو دۆخ و هەل و مەرج و بنکە شۆرشگێرانەکەی ئێستای کوردستانەوەو کپی و خامۆشی و خەوە قولەکەی گەلانی ناوچەکەو بروا نەبونی بە جەماوەری گەلەکەی و بزوتنەوەکەی دەیخاتە، تاریکی ئەم هەڵە گەورەیەوە و ئەم بۆچونە ناراستەوە ـ کە دەڵێت (( ئەگەر نامیلکەکە پۆلونیا بە نمونە بۆ گەلی کوردستان دەهێنێتەوە ، کەواتە ئێمەش وەک مارکسیستەکانی پۆلونیا خەباتی دیموکراتیانەی خۆمان بە خەباتی ئەو گەلانەی لە گەڵیان ئەژین ببەستینەوە )) لاپەرە ٢ .

ئەمەیە تێ نەگەیشتن و خۆبەستنەوەی رووت و قوت و هەژارانە بە دەق و رستەو روداوی بەسەرچوەوە بێ شیکردنەوەو لێکدانەوەی زانستیانە .

هەربۆیە داوا لە هاورێیان و خوێنەران دەکەم کە بەراورد لە نێوان ئەم دوو بۆچونەی لینین و رەخنەگردا بکەن ئەمجا خۆتان لە ئاستی تێ نەگەیشتنی رەخنەگردا هەندێک بیر بکەنەوەو حوکم بدەن .

لینین بۆیە داوای لە مارکسیستەکانی پۆلۆنیا دەکرد کە قورسایی شۆرشگێرانەی خۆیان بخەنە سەر بنکە شۆرشگێریەکەی روسیا لەبەر ئەوەی پۆلۆنیا کپ و خامۆش بوو ، بۆ ئەوەی ئەو کپی و خامۆشیەی بتوێتەوە لەناو هەڵچون و شەپۆلە کڵپە سەندوەکەی روسیادا گشت کرێکارانی روسیا بەستنەوەو کرێکارانی پۆلۆنیاشەوە .

وەخنەگرتن داوا دەکات لە گەلی کوردستان و مارکسیستەکانی کە هەڵچوترین بنکەی دیموکراسی شۆڕشگێرانەی ناوچەکە بە خۆیان شوێننەوە لەناو ئەو کپی و خامۆشی و خەوە قولەی گەلانی دراوسێ دا واتە بەشەنا کوردستانیەکەی تورکیاو ئێران و عیراق و سوریا دا بەمەبەستی گزو لاوازکردنی بزوتنەوەی گەلانی ناوچەکە و بەدەست نەهێنانی ئامانجەکانیان .

بەلام هاوڕێی نوسەر وەمو مارکسیستێکی بەرچاو روون و مێشک فراوان هەمیشە هەر لەسەر رێ و شوێنی لینین دەڕۆن و هەموو کاتێک بارو دۆخەکە رەچاو ئەکەن و هەروەک لە لاپەرە (٦)دا هاوڕێی نوسەر ئەو راستیەو ئەو بۆچونە گرنگەی لینینی هەڵماندوەو دەڵێت (( لەو کاتەدا لاکردنەوە لە جیاوازیی نەتەوەیی کرێکاران لەسەر بناغەی یەکێتی ریزەکانی کرێکارانی هەموو روسیا بەبێ دوو دڵی خۆیە ئەستەوە; دان بوو بۆ سیاسەتی ناسیونالی بۆرژواکان ئەبوو بە هۆی لاواز کردنی چینی کرێکارو شکستی شۆڕشی سۆشیالیزم )) .

ئێستاش هەر لەسەر هەمان رێ و شوێن و براو بۆچونەکانی مارکس و ئەنگلز و لینین هاوڕێی نوسەرو گشت مارکسیستێکی راستەقینە داوا دەکەن گەلانی ناوچەکەو رێکخراوە مارکسیستەکانیان و دەنگی شۆڕشگێرانەیان بخەنە سەر بنکە هەڵچوەکەی کوردستان لە پێی سەرکەوتنی شۆڕشی دیموکراتی گشت گەلانی ناوچەکە بەرەو بەدەست هێنانی ئەو ئەرکە دیموکراتیەکان بە گەلی کوردستانیشەوە و هەنگاوی بنەو چەسپاو نان بەرەو سۆشیالیزم .

ء) لەسەرانسەری نامیلکەکەی رەخنەگردا دیاردەیەکی سەیر بەرچاو دەکەوێت کە سەرەرای ئەو هەموو دەمەقاڵێ و بەرپەرچ دانەوەیەی لەگەڵ هاوڕێی نوسەردا دەیکات کەچی هەر لە ناواخن و ناوەڕۆکی بۆچونەکانی خۆیدا لە ئاستی راستی و اقع دا توشی گێژەڵوکە بیروبۆچونی ناکۆک دەبێت لەگەڵ خۆیدا کە ئەمەش بەدەر نیە لە گێژاوی فیکری .

بۆ نمونە - ا - بەربەرچی هاوڕێی نوسەر بەگەرمی ئەداتەوە کە کوردستان بنکەی شۆڕشگێرانەی ناوچەکە بێت و نە تاکە بنکەشە کەچی هەر دوابەدوای ئەم بۆچونەی لە لاپەرە (١٥)ی نامیلکەکەیدا دەڵێت (( راستە شێوەی خەباتی چەکدارانەی ئەمرو لە کوردستانی ئێران و عیراقدا بۆتە شیوەیەکی سەرەکی و بۆتە بنکە بۆ گەلانی ئێران لە کوردستانی ئێراندا و بۆ گەلانی عیراق لە کوردستانی عیراقدا )) .

ب) بەرگریەکی زۆر لە خامۆشی و خەوی قوڵی گەلانی دراوسێ دەکات کە دەڵێت راست نیە کە ئەوان لە خەوی قوڵدان و خەفاون بەلام لە لاپەرە (١٧)ی نامیلکەکەیدا دەڵێت (( راستە ئۆپۆزیسیون لە ئاستی پێویستدا نیەو ئەو هێزانەی هەشن یەکگرتونین )) یا لە لاپەرە (١٥) دا دەڵێت (( بۆیە لەگەڵ ئەپۆڵی ئەو خەباتەی دیموکراتیانەدا بێ گومان رێکخراوێک یا ئێستاش زۆربێ هێز بۆ یا وجودی نەبێ ئەتوانێ بێتە پێشەوەو پێشرەوایەتی بکات )) .

ج) بەرامبەر بەواقعی بزتی بزوتنەوەی گەلی کوردستان وەک بەیەک بزوتنەوەو چارەسەر نەکردنی کێشەی نەتەوایەتی سەرانسەری

کوردستان بە چارەسەرکردنی بەشێک لە پارچەکان چەند لاپەرەیەکی بەرپەرچ دانەوەی رەش کردۆتەوە، کەچی لە لاپەرە (٢١)ی نامیلکەکە ئەلێت (( راستە مافی چارەنوس بەشێک لە بەشەکانی کوردستان مانای مافی چارەنوس نیە بۆ بەشەکانی تر )) .

٤) رەخنەگر هەر لە سەرەتای نامیلکەکەیەوە تا نزیک کۆتایی هەر بروای بە بزوتنەوەی سەربەخۆی گەلی کوردستان نیە پڕبەپڕی ئەمی داوای تواندنەوەی دەکات، هەروەها رزگاری و یەکگرتنەوەی کوردستان بە شتێکی وەهمی ئەزانێت و ئەلێت نابێت خەبات ئاراستەی ئەو ئامانجە بکرێت بەلام لە لاپەرە (٢٣) و (٢٤)دا ئەلێت (( بزوتنەوەی ئازادی دیموکراتی خەلکی کوردستان بزوتنەوەیەکی زیندووە و جێگەو ئەهمیەتێکی تایبەتی خۆی هەیە )) (( بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێر سەرانسەری کوردستان بگرێتەوەو کوردستانێکی ئازادو یەکگرتوو بێتەکایەوە )) ل ٢٤ .

٥) بۆچون و بیروراکانی رەخنەگر ئەمان ئەگەڕێنێتەوە بۆ (٣٠) ساڵێک لەمەوبەر و ئەمانخاتە ئەندێشەو یادکردنەوەو بیرکردنەوەی هەڵوێست و بیرورا چەوتەکانی ریفۆرمیستە عیراقیەکان .

٦) لە لاپەرە (٢٣) نامیلکەکەی رەخنەگردا و لە چەند شوێنێکی تریشدا چاومان بە چەند وشەیەکی نازانست دەکەوێت وەک وشەی (رەنگە) و (لەوانەیە) کە دوو وشەی دوورو نامۆن بە مارکسیزم و دیالکتیک .

مەتریالیزمی دیالکتیک ناوەنی یاساکانی وەک (( یەکێتی و ناکۆکی دژەکان ) و ( دژی دژ ) و ( گۆڕانی چەندایەتی بۆ چۆنایەتی و بە پێچەوانەوە ) و فاهیمی وەک ( ناوەرۆک و روالەت ) و ( گشت و تایبەت ) و ( هۆو ئەنجام ) .... هتد .

کە ئەمەش نمونەی بەکارهێنانی ئەو وشە نازانستانەیە تیایە کە دەیەوێت چارەنوسی گەلی کوردستان و گەلانی ناوچەکەو بزوتنەوەی کرێکاران بداتە دەست مانای وشەی ( لەوانەیە ) و ( رەنگە ) واتە دەست قەدەر و ویستی زەمانە .

( بەهۆی ئەو رووداوە مێژوویانەوەو ئەو هەل و مەرجە تایبەتانەی کوردستان کە هەندێ جار زۆر کاریگەرن و رەنگە دەورێکی مەزن لە ناو ئەو ناکۆکیانەدا وازی بکەن )) ل ٢٣ .

٧) رەخنەگر وای گەرەکە لە نامیلکەکەیدا کە هەمان دەوری لینین ببینێت بەرامبەر بە هاوڕێی نوسەر و گشت مارکسیستە راستەقینە بەرچاو روونەکانی کوردستان، هەروەک چۆن لینین لە بەرامبەر روزا لوکسمبورگ و مارکسیستە بەرچاو تەنگەکانی پۆڵۆنیا وەستاو بەرپەرچی دانەوە، تەنانەت رەخنەگر لە ناونانی نامیلکەشیدا لاسایی لینینی کردۆتەوە کە نامیلکە گرنگەکەی ناوی (( چەند سەرنجێکی رەخنەگرانە دەربارەی کێشەی نەتەوایەتی و مافی چارەنوسی نەتەوەکان ) ە ئەمیش نامیلکەکەی ناو ناوە (( چەند سەرنجێکی رەخنەگرانە دەربارەی نامیلکەی پارتی پێشڕەوی چینی کرێکاری کوردستان .

بەلام هەروەک رەخنەگر خۆی دەڵێ گرنگە ( ناوەرۆکە ) نەک ( روالەت ) کە نابەختەوەرانە ناوەرۆکی نامیلکەکەی پێچەوانەی ناوەرۆکی نامیلکەکەی لینینە ( تەنیا ناونیشانی هەردوو نامیلکەک. لیبە

بەڵام دەچن کەلەو بوارەشدا بۆچونەکانی رەخنەگر وای لێ کردوە کە جێ دۆرکی بکات و خۆی خستوتە شوێنی روزالوکسومبورگ و هاوڕێکانی نوسەر چۆتە جێگای لینینــــن ) .
ئەوی ئەم رابەشمان دەسەلمێنێت ئەم چەند خاڵەی خوارەوەن :-
١) روزالوکسومبورگ و هاوڕێ کانی هەروەك رەخنەگرو هاوبیرەکانی دژی جیابونەوەی پۆلۆنیاو کوردستان بوون . کە لینین دژی ئــەم رایە بــوو .
٢) روزالوکسومبورگ و هاوڕێ پۆلونیەکانی هەروەك رەخنەگر رایان وابوو کە ئەو نەتەوانەی پاشکۆی نەتەوە سەردەستەکانــن لــە روی ئابوریەوە شایستەی مافی بڕیاردانی چارەنوس نین .
٣) سروشتی نەتەوەی روزاو رەخنەگر جوت و یەکانگیرە .
٤) بەکارهێنانی دروشمی شۆرشگێرانەو ووشەو رستەی مارکسیزمانــە بەبێ بەستنەوەی بە گردوەوەو باری دۆخ و واقعەکەوە کە هــەردوو لایان لە ئاستی شێواوی لێکریان خەریکی ئەو بەکارهێنانــە بــوون .
(( شێواوی لێکریان وایان لێ دەکات کە تەنیا هەر خەریکــــی تعابیری شورشگێرانە بن )) لینین - هەلبژاردەکان ل ١٢٢ .
٥) جیانەکردنەوەو تێکەڵاو کردنی دووتۆشاغی جیاوازوو دووسەردەمی سەرمایەداری جیاواز لە لایەن هەردوو لایانەوە .
٦) روزالوکسومبورگ و هاوڕێ پۆلۆنیەکانیشی هەروەك کاکی رەخنەگر و هاوبیرەکانی واقعی پارچەپارچەکردنی کوردستان و پۆلونیایان بە واقعێکی بابەتی ئەزانی و کەلەسەر ئاوەزوەکانەوە بەو ئابێنەست ئەست کاری بکریــــت .
٧) هەروەك چون روزالوکسومبورگ لە بەرامبەر تافــــی ( فراك )دا توشی گێژاوێکی نانەتەوەیی بوبوو، ئستیەکانی لێ شارەزوو بوبوەو هەروەها رەخنەگر لە بەرامبەر ئەو هەموو گیانبازی و تەقەلا زۆرەی بێ هودەیەی بۆرژوای کوردستان کە نەیان توانی کوردستان رزگار کەن و کرێکارانیش لەو گەرت و پەرت و جەنجالیە رزگار بکەن ئەمیش توشی ئەم گێژاوە بوە کە ئێستا تێی کەوتوە .
٨) هەردوولایان کۆلۆنیەکان و نەتەوە ژێردەستەکانیان لەیەك جودا ئەکردەوە کە لینین ئەو جوداکردنەوەیەی بە هەوڵدانێکی گەلاتــــە ئەدایە قەڵــــەم .
٩) روزا لوکسومبورگ و هاوڕێ کانی بەرنامە نەتەوایەتیەکەی لینینیان بە ئیسلاحی ئەزانی و دژی بوون هەروەها رەخنەگروهاوبیرەکانی بەرنامەی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی مارکسیستەکانــــی کوردستان بەنەمارگیرێتی نەتەوایەتی ئەزانن .
١٠) هەردوولایان لە هاوخەباتی و خەباتی هاوبەش تێ نەگەیشتون بە توانەوەی خەباتی گەلان ئەزانن لەناو یەکتردا بێ رەچاوکردنــی بارودۆخ و هەل و مەرجە تایبەتیەکان و وولاتان .
هەربەم پێ یە کۆمەڵێك لەیەك چونی تریش هەیە لە نێوان بۆچونەکانی هەردوولادا کە لە ماوەیەکی دوورو درێژ خەباتی توندو تیژی کرد دژی روزاو هاوڕێ پۆلۆنیەکانی بوو تا دەست بەرداری رێگەی هەڵە بوون و ئەو بیروباوەڕە چەوتانەیان تەڕ کردو پارتی کرێکارانی پۆلۆنیایان بۆ یەکەم جار دامەزراند .
بەلام رەخنەگر لەدوو خالدا بۆڕی روزالۆکسومبورگی داوە کــە

ئەمانــــەن :ـە

یەکەم – روز الوکسومبورگ هەرگیز وەك رەخنەگر داوای تواندنــەوەی بزوتنەوەی هەلچووکلیپە سەندووی نەکردوە لەناو خامۆشی کپی دا بەلکو ئەو داوای گوێزانەوەی خەباتی بێ هیزو لاوازی کرێکارانــی پۆلۆنیاو گەلانی تری ئەکرد لەگەڵ بنکە شۆرشگێرە دیموکراسیەکەی روسیادا .

دوەم – لە هەموو ئامیلکەو ووتارەکانی روز الوکسومبورگـــدا کـــە بەرپەرچدانەوەی بەرنامە نەتەوایەتیەکەی لینین بوو ئەهاتـــــوە بۆچونەکانی لینین بە پێچەوانەوە بگێرێتەوە یان رستەو ووشـــەی لەناو قەدی رستەکانیدا ئەرنە هێناوە ئەش هاتوە بـــە نـــاوی لینینەوە بۆچون دروست کات و رستەو مەبەست و بۆچونەکانی پچـــر پچر بکات و لەیەکی بترازێنێ بە مەبەستی شاوەژو کردنەوەی ماناو بۆچونە ئەسلیەکانی لینین . بە پێچەوانەوە رەخنەگر هـــەر لـــە سەرەتاوە ئەم کارە ناشایستەی پەیرەو کردبوو تا کۆتایی .

******　　　*******　　　******

تا ئێرە ئەم باسەمان بریتی بوو لەبەر پەرچدانەوەی ئامیلکەی (سەرنجێکی رەخنەگرانە دەربارەی پارتی پێشرەوی چینی کرێکـــــازی کوردستان)سەبارەت بە لیدوان و رەخنەکەی لەسەر ئامیلکەی پارتـــی پێشرەوی چینی کرێکاری کوردستان سەبارەت بە بۆچونە هەڵەکانـــی کەلە ئامیلکەکەیدا هەڵی رشتبو سەبارەت بە دەرخستنی روی راستـــی بۆچونەکانی هاوڕێی نوسەری ئامیلکەکە کە شێوێندرابوو لەلایـــەن رەخنەگـــرەوە .

بە پێویستیشی ئەزانین کە بەچەند خاڵێکی کورت بۆچونەکانی رەخنە گرو هاوبیرەکانی سەبارەت بە پێویستی بوونی پارتی پێشرەوی چینی کرێکاری کوردستان پوچەل بکەینەوە، هەروەها چەند خاڵێکیش بخەینە سەر ئەو هەوڵ و تەقەلایەی ئەدرێت بۆ سەلماندنی پێویستی لەدایک بوونی ئەو پارتـــــــە .

١) لینین هەرگیز جیابونەوەی نەتەوەکان و رێکخراوەکانـــی چینـــی کرێکاری بە دابڕینی خەباتی گەلان لەیەکتری و بە پچڕپچڕ کـــردن و کەرت و پەرت کردنی ریزەکانی چینی کرێکاری نەئەزانیٚ هەربۆیـــە بەدرێژایی ژیانی خەباتی بۆ ئەو جیابونەوەیە و بۆ بەدەست هێنانی مافی بڕیاردانی چارەنوسی نەتەوەکان ئەکرد . هەربۆیەش گەرمترین پێشوازی لە جیابونەوەی نەرویج لە سوید و لەدایك بوونی پارتـــی چینی کرێکاری پۆلۆنیا کرد .

باشترین بەلگەش کەلەدایك بونی پارتی چینی کرێکاری نەتەوەی ژێر دەستی بە کەرت و پەرت کردنی ریزەکانی چینی کرێکاری نەئەزانـــی ئەم بۆچونەیەتی – (( کۆبونەوەی پرۆلیتاریای نەتەوە چەوســـاوە زۆرلیکراوەکان لە پارتیەکی سەربەخۆیدا ئەبێتە مایەی خەباتێکی توندو تیژ دژی ئەمارگیریێتی نەتەوایەتی لەناو ئەو نەتەوانـــەدا تا رادەی شێواندنی ئاسۆکە ، هەروەها نەهێشتن و لەبیرچونـــەوەی ئەمارگیریێتی نەتەوایەتی لای نەتەوەی زۆرداری چەوسێنـــەر بـــەلام ئەم ئاسۆ شێواندنە ئەمەندە ناخایەنێت بارو دۆخەکە شێـــوەی راستی خۆی وەرئەگرێتەوە )) لینین – چەند سەرنجیکی رەخنەگرانە

دەربارەی کێشەی نەتەوایەتی و مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەکان لاپەڕە ١٦١ .

٢) واقعی بوونی بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان وەك بزووتنەوەیەکی بابەتی و مێژووکرد کە لەسەرو شارەزووەکانەوەیە و بەناو پایەگای مان و لەناو نەچوونی لە ناخی بزووتنەوەکەدا هەیە تا سەرکەوتن و بەدەست هێنان و ئەرك و پێداویستەکانی هەر بۆیە فەرامۆش کردنی لەلایەن چینی کرێکارەوە دەبێتە مایەی سەرکردایەتی کردنیەوە لە لایەن بورژوازوە کە ڕەنگدانەوەی سروشت و ڕەوشتی چینایەتی ئەو چینە دەگەیەنێتە ئەو چارەنووسە ڕەشەی دووچاری شۆڕشی ئەیلول بوو، کە هەرگیز سەرکەوتن بەدەست ناهێنین و ئێمە وەك نوێنەری چینی پێشڕەو تاکە چینی شۆڕشگێری ڕاستەقینە بە شۆڕشگێری و بێ دوودڵی بێ شاردانەوە پێویستە لەسەرمان ئەرکەکانی شۆڕشی دیموکراتی بخەینە بەردەم گەل بەوپەڕی فراوانی و دەست پێشکەری و ئازایانەوە بەکەم گرتنی ئەم ئەرکانە ئەوە دەگەیەنێت کە مارکسیزم بگۆڕێت بە کارکاتۆر بشێوێنرێت لەلایەن کوردە بینە هیچ و پووچەکانەوە کە لە بواری سیاسەتی ڕۆژانەدا ئەوە ڕەچاو دەکرێت مەسەلەی شۆڕش تەسلیم بە بۆرژوا بکرێت کە هەرگیز شۆڕش نابەنە سەر ) لینین هەڵبژاردەکان بەرگی یەکەم .

هەر بۆیە لە ئاستی بزووتنەوەیەکی ئاوادا پێویستی بوونی پارتێکی شێوە نوێی چینی کرێکاری کوردستان ڕاستی خۆی دەسەلمێنێت بۆ سەرکردایەتی کردنی بزووتنەوەکە و بەرەو پێشەوە بردنی ڕووەو سەرکەوتن و گەشەکردنی ڕەوتی کۆمەڵ بەرەو سۆشیالیزم.

٣) نەبوونی ئابووری هاوبەش و پاشکۆیەتی ئابووری کوردستان بە ئابووری دەولەتە داگیرکەرەکانەوە مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کوردستان لە دەست نادات . هەر بۆیە بە پێویستی دەزانین ئەو بۆچوونەی لینین دووبارە بکەینەوە کە بەرپەرچی ڕۆزا لوکسومبورگ دەداتەوە کە گوایە پاشکۆیەتی ئابووری بۆ داگیرکەران ئیمپریالیستەکان دەبێتە مایەی لەدەست دانی مافی بڕیاردانی چارەنووسی نەتەوەکان - (( پاشکۆیەتی ئابووری تەواو بۆ دەسەلاتی سەرمایەداری و ئیمپریالیزم لە وڵاتە بۆرژوا دەوڵەمەندەکاندا شتێك نیە تایبەت بێت بە دەوڵەتە بچووکەکان بەڵکو دەوڵەتێکی گەورەی وەك ڕووسیاشی گرتۆتەوە تەنها دەوڵەتە بچووکەکانی بەلکان کۆلۆنی ئەوروپا نەبوون لە ڕووی ئابوورییەوە بگرە ئەمریکا خۆشی لە سەدەی نۆزدەهەمدا پاشکۆ بوو وەك کارل مارکس لە (سەرمایەدا) ئیشارەتی کردووە ، کە ئەمانە هەموی کاوتسکی چاکی دەزانێت بەلە جۆری ئەوو مارکسیستێکیش ئەم ڕاستیانە بەباشی دەزانین ، بەڵام ئێمە چیمانە بەسەر ئەمانەوە ( واتە پاشکۆیەتی ئابووری) لە باس کردنی بزووتنەوە نەتەوایەتیەکان و دەوڵەتی نەتەوایەتیدا) لینین چەند سەرنجێکی ڕەخنەگرانە دەربارەی کێشەی نەتەوایەتی لاپەڕە - ٦٤ .

هەروەها ئابووری تەنها فاکتەری سەرەکی و لابەلاکەر نیە لە گۆڕانکاریەکانی ناو کۆمەڵ و گردارە مێژووییەکاندا . ئەنگلس لە نامەیەکدا بۆ یوسف بلوخ ئەم لایەنە ڕوون دەکاتەوە و دەڵێت ( بەپێی مەفهومی مادی لەسەر مێژوو بەرهەم هێنان و ...

کردنەوەی بەرهەم هێنانی ژیان ئابووری) فاکتەرێکی لابەلاکەرە لە کردارە مێژووییەکاندا لە دواکات و بواردا، ڕۆژێک لە ڕۆژان نە مارکس و نە من لەمە زیاترمان نەوتوە، بەلام ئەگەر یەکێک ئەم بابەتەی شێواند بەو واتایەی کە لایەنی ئابووری تاکە فاکتەری لابەلاکەرە. ئەوا بابەتەکە ئەگۆڕێتە سەر بابەتێکی بێ لایەنی کە هیچ شتێک ناگەیەنێت) مارکس ئەنگلز - هەڵبژاردەکان - بەرگی ٤ لاپەرە ١٧١ .

٤) یەکێتی ڕیزەکانی چینی کرێکاران و هاوخەباتی گەلان هەرگیز ئەوە ناگەیەنێت کە بزوتنەوەی گەلان لە ناویەکدا بتوێنەوە و بارو دۆخ و هەل و مەرج و تایبەتیەکانی گەلان و وولاتان ڕەچاو نەکرێت بەڵکو گرێدانەوەی خەباتی گەلی کوردستان بە خەباتی گەلانی دراوسێ وەو گرێدانەوەی خەباتی کرێکارانی کوردستان بەخەباتی کرێکارانی دراوسێ وە و سەرانسەری جیهانەوە ئەو گرێدانەوەیە ڕێگای ڕاستی هاو خەباتی و خەباتی هاوبەش و پاراستنی یەکێتی ڕیزەکانی چینی کرێکاری جیهان ئەکات کە لە دروشمە ڕاست و دروستەکەی ئومەمیەتی سێیەمدا دەردەکەوێت کە لە سەر پێشنیاری لینین گەشە بەو دروشمە دێرینەی ئومەمیەتی یەکەم دراو سەر لە نوێ داڕێژرایەوە لە سەر ڕۆشنایی و ڕەچاوکردنی گۆڕانکارییە نوێکان و گەشە کردن و هاتنەکایەی بزوتنەوە ڕزگاری خوازەکانی گەلان کە ئەڵقەیەکی نەپچڕاوو پتەوی زنجیرەی بزوتنەوەکانی کرێکاران و شۆڕشی سۆشیالیزمی جیهانن .

داڕێژرایەوە بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ ئەم بارو دۆخە نوێیانەدا - (( ئەی کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراوی جیهان یەکگرن )) لینین - بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی گەلانی ڕۆژهەلات . ئەمەیە مانای هاوخەباتی ڕاستەقینە نەک هەولدان بۆ تواندنەوەو سڕینەوەی شوێنەواری بزوتنەوەو پارتیە کرێکاریەکان . ئەگەر بۆچونەکەی ڕەخنەگر لە ڕاستیەوە نزیک بوایە، ئەبوایە گەلان و کرێکارانی جیهان خاوەنی یەک بزوتنەوەو یەک پارتی چینی کرێکار بونایە لە سەرانسەری جیهاندا .

٥) کاکی ڕەخنەگر ڕای وایە - لەبەر ئەوەی کە نزیک ٧٠ ساڵ لەمەوبەر لە ڕوسیادا خەباتی هەموو کرێکاران و ڕەنجدەرانی نەتەوەکانی ڕوسیا ئاراستەی سەرکەوتنی شۆڕشی سوشیالیزم کرا، ئێستاش بام کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان خۆیان ڕێک نەخەن لە پارتیەکی سەربەخۆیدا و خەبات نەکەن بۆ ڕزگاری کوردستان و هەمو ڕێ و شوێنی گەلانی ڕوسیا بگرن .

ئێمە ئەم ڕایەی کاکی ڕەخنەگرمان بەلاوە شتێکی ناڕاست نیە بە مەرجێک ئەگەر بارودۆخی ئێستای گەلانی دراوسێ و گەلی کوردستان وەک ئەوسای گەلانی ڕوسیا بن .

بەلام لە بەرامبەر نەبونی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێرانەی هەڵچوی گەلانی دراوسێ دا ئیتر نابێت ئێمە دەستەوەستان بین لەوەی کە خەبات ئاراستەی ڕزگاری کوردستان نەکرێت لەم بارە هەڵچووەی کوردستاندا و بە مافە نەتەوایەتی و دیموکراتیەکانی نەگات و ئەرک و فەرمانەکانی بەجێ نەهێنێت و هەنگاوی پتەو چەسپاویش

نەبێت ڕووەو سۆشیالیزم و لە خەباتی بێ ووچانیشدا ، نابێت بۆ گرێ داشەوەی خەباتی کرێکارانی کوردستان بە خەباتی گەلان و کرێکارانی ناوچەکەوە، کوردستان نەکرێت بە مەڵبەندێکی شۆڕشگێڕانەی ناوچەکە بۆ بەدەست هێنانی ئەم قۆناغەو هەنگاونان بەرەو قۆناغی داهاتوو .

لەبەرامبەر ئەو گۆڕانکاریە کاریگەریانەی بەسەر دونیاو ناوچەکەدا هاتووەو لەبەرامبەر ڕیزبوونی هێزەکان و بارودۆخە تایبەتیەکانی گەلانی ناوچەکەو هەل و مەرجە تایبەتیەکەی هاتۆتەکایەوە نابێت کت و مت دەق بگرین بە تاقیکردنەوەیەکی دیاریکراوەوە بەڵکو ئەبێت ئەم گۆڕانکاریەو ئەم ڕیزبونە نوێیانە و ئەم بارودۆخ و هەل و مەرجە نوێیانە ڕەچاو بکەین. کرێکاران و گەلانی چین و ڤێتنام و لاوس و ئەنگۆلاو ئەریتیریا و بنگال و گەلانی ئەمریکای لاتینی کت و مت لاسایی ڕوسیایان نەکردوە، چاوەڕوانی شۆڕش و ڕاپەڕینی کرێکارانی ئەمریکاو فەرەنساو ئینگلتەرەو پورتگال و پاکستانیان نەکرد بۆ ئەوەی بەیەکەوە ڕزگاریان ببێت بەڵکو لە ئاستی خەوە قوڵەکەی ئەوان و لەبەرامبەر ڕەدوو کەوتنی بەشێک لە کرێکارانی ئەو وولاتانە خەباتی شۆڕشگێرانەی خۆیان بەرەپێ داو سەرکەوتنیشیان بەدەست هێناو دەلاقەیەکی گەورەشیان خستە دیوارەشرەکەی سەرمایەدارییەوە .

هەر وەک چۆن ئەو بۆچونە ڕاست و دروستەی هاوڕێ نوسەر جۆتە لەگەڵ بۆلشەویکەکاندا لەو کاتەدا و لەو بارودۆخەی ئەوسای ڕوسیادا ، هەر ئەوە ڕێگای ڕاستی کرێکارانی ڕوسیا بوو کە بەسەر کەوتنی شۆڕشی دیموکراسی و سۆشیالیزم لە سەرانسەری ڕوسیادا کرێکارانی گشت نەتەوەکانی ڕوسیا ڕزگاریان بوو و بە مافی ڕەوای خۆشیان گەیشتن .

بەڵام ئێستای کوردستان بارودۆخێکی نوێی بەخۆیەوە دیوە ، ئەڕێکخراوە مارکسیستەکانی وولاتانی داگیرکەری کوردستان هاوتای پارتەکەی لینینەوە نە بزوتنەوەی گەلانی دراوسێ لە ئاستی ئەو ڕاپەڕین و هەڵچونەی گەلانی ڕوسیایە . هەر بۆیە ئەبێت لەم بارودۆخەدا خەبات شاراستەی پتەوو بەهێز کردن و گەشەکردنی شۆڕشی ڕزگاری خوازانەی گەلی کوردستان و لەدایک بوونی پارتی پێشڕەوی کرێکارانی کوردستان بکرێت .

٦) گەلی کوردستان لەگەڵ سێ گەلی تردا ئەژی، کە هەریەک لەم گەلە سەربەستانە بەمافی چارەنوسی خۆیان گەیشتوون بە مافە نەتەوایەتیەکانیشەوە ، هەربۆیە لە خەباتی شۆڕشی بۆرژوای دیموکراتیماندا بەدی هێنانی مافی چارەنوس ئەرکێکی ئەم قۆناغەیان نیە ، بەڵام سەبارەت بەگەلی کوردستان ئەرکێکی سەرەکی ئەم قۆناغەیەتی وەکیلی ئەرگای چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکانی تریەتی . هەربۆیە ئەم ئەرکە گەورەیە ئەرکێکی سەرەکی و تایبەتی بزوتنەوەی گەلەکەمانە کە بەپارتیەکی سەرانسەری عیراق یان تورکیا، یان ئێران جێبەجێ ناکرێت و وەک پێویست خەباتی چارەسەرکردنی بۆ ناکەن و بە ئەرکێکی سانەوی ئەزانن ، کە تاقیکردنەوەی چەند ساڵانە ئەم ڕاستیەیان سەلماندوە .

واتە ئەركی سەرەكی سەرشانی بزوتنەوەی گەلەكەمانە بەسەركردایەتی پارتی پێشرەوی كرێكارانی خۆی .

٢) كۆمەلگای كوردستان وەك هەموو كۆمەلگایەكی تری مرۆڤایەتی یاساكانی گەشەكردنی كۆمەلایەتی بەسەردا جێبەجێ بوەو دەبێت بەدەر نیە لە مرۆڤایەتی، هەموو قۆناغەكانی پێشوی وەك هەموو كۆمەلێكی تر بڕیوەو ئێستا لە سەردەمی بەكەمی سەرمایەداریدایە، ئەم كۆمەلەش خاوەنی چینە جۆربەجۆرەكانی قۆناغەكەی خۆیەتی كە یەكێك لە چینە كاریگەرەكانی چینی كرێكارە .

ئەم چینە شۆڕشگێڕەشی لەمەوبەر بەهۆی نەبونی پارتیەكی پێشرەوی خاوەن پێناسی چینایەتی تایبەتی خۆیەوە نەیتوانیوە ڕۆلی گرنگی خۆی لەناو بزوتنەوە بابەتیەكەی گەلەكەماندا بگێڕێت نەوەك چینێكیش بەشێوەیەكی ڕێك و پێك ڕێكخراو بوو بەلكو هەمیشە ڕەدووی پارتی و دەستەو تاقمە بۆرژواكان كەوتبوو هەروەها ڕێژە جۆربەجۆرەكان تویژێكی لێ هەلخلیسكاندن بوون و لە ئەركە بابەتدارەكانی سەرشانی خۆی دوربوو، ڕێكخراوە ماركسیستەكانی دەولەتە داگیركەرەكانیش وەك پێویست نەیان توانیوە جەماوەری كرێكارانی كوردستان ڕێك بخەن و ڕۆلە سەرەكیەكەی خۆیانیان پێ ببینن لە ئاستی سیاسەتی چەوت و لادەرانەو ریفۆرمیستانەوە كە زۆر كاس بوبون و تا ئێستاش لە كەناری ڕوودواوەكانەوە تەپ و تۆزیان لێ نیشتوەو كەڕوییان هەلهێناوە . لە بەرامبەر ئەم بارە نالەبارو تالەی كرێكاران و ڕەنجدەرانی كوردستاندا دەبێت پارتی پێشرەوی چینی كرێكاری كوردستان ئەركی ڕزگاركردنی ئەم پەرش و بلاوی و ناڕێك و پێكی و ئەم سەرگەردانیەی كرێكارانی كوردستان بگرێتە ئەستۆ لەڕێی ئەو پارتیەوە جێگەی خۆیان بە شێوەیەكی ڕێك و پێك و شایانی دەگرنەوەو كاردەكەنە سەر بزوتنەوەو كردارە شۆڕشگێڕیەكەی ناو هەناوی كۆمەلگای كوردستان ...

خستنە سەر نێت:- چالاک
chalakmuhamad@gmail.com

هەواڵنامەی کتێب

دووبارە چاپکرایەوە

لەلایەن کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

– ڕیکخراوی دەرەوە –

چاپخانەی

شەهید جەمال تایر – سوید